زانکۆی گەرمیان
University of Garmian

# ناوچەی کفری لە نێوان ساڵانی (١٩٤٥ -١٩٦٣) توێژینەوەیەکی مێژووییە لە بارودۆخی سیاسی

حسێن ئیسماعیل خان دەلۆ

## پێشەکی

ناوچەی کفری بەدرێژای مێژوو ژیانی تێدا بەردەوام بووە، ئەمەش وای کردووە ببێتە وێستگەیەکی گرنگی رووداو و پێشهاتە سیاسیەکان، بویە دەکرێت بڵێین لە سەردەمی عوسمانیەکانەوە تاکو هاتنی ئینگلیزەکان لە ساتەوەختی جەنگی یەکەمی جیهانیدا چەقی بەشێک لە ململانێیە سیاسیەکانی ئەو کاتە بووە، لە دوای دروست بوونی دەوڵەتی عێراقەوە تاکو ماوەی ئەم توێژینەوەیە ناوچەکە زیاتر گۆڕەپانی کێشمە کێشمە سیاسییەکان بووە.

ئەم توێژینەوەیە لە رەوت و رەوشی مێژووی سیاسی ناوچەی کفری لە نێوان ساڵانی (١٩٤٥-١٩٦٣) وەک قۆناغێکی هەستیاری مێژوویی دیاریکراو لە کۆتایی دووەم جەنگی جیهانیەوە دەست پێدەکات و دوو قۆناغی فەرمانڕەوایی (پاشایەتی و کۆماری) تاکو ساڵی ١٩٦٣ تاوتوێ دەکات، لەم ماوە مێژووییەدا کوردستان بەگشتی و ناوچەی کفری بە تایبەتی کۆمەڵێک رووداوی گرنگ و بایەخداری بە خۆوە بینیووە. ئەم توێژینەوەیە بەو سۆنگەوە دێت کفری شارێکی دێرینی کوردستانە و پێگەیەکی گرنگ و پڕ بایەخی لە مێژووی گەرمیان و کوردستاندا هەبووە و هەیە، هەروەها تاکو ئێستا توێژینەوەیەکی زانستی هەمەلایەنەی ئەکادیمی لەم بارەیەوە لەو قۆناغە مێژووییە ئەنجام نەدراوە.

ئامانجی ئەم لێکۆلینەوەیە لەیەکدانەوەیەکی زانستیانە و ئەکادیمیانە بۆ دۆخ و رووداوە سیاسیەکانی ناوچەی کفری لەسەر بنەمای مێژووی سیاسی ئەو سەردەمە راڤە و شرۆڤە دەکات، ئەمە دەروازە و سەرەتایەک بۆ توێژینەوەی فراوانتر و هەمەلایەنە و گشتگیرتر فەراهەم دەکات، سەرباری ئەوەش تیشک دەخاتە سەر مێژووی ئەو دەڤەرە بەپێی ئەو سەردەمە جیاوازانەی کە پێیدا تێپەڕبووە، ئەمەش لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە جیاواز بووە، بەو پێوەدانگەی یەکێک بووە لە قەزا سەرەکی و بنەڕەتەکانی (لیوا-پارێزگا)ی کەرکوک هەمیشە لەگەڵ شێواندنی دیمۆگرافیا و بچووک کردنەوەی جوگرافیای لیوای کەرکوک لەلایەن فەرمانڕەوایانی دەوڵەتی عێراقەوە ناوچەی کفریش لەو چوارچێوەیەدا گورزی کاریگەری بەرکەوتووە، وێڕای ئەوەش دەسەڵاتدارانی عێراق هەوڵیانداوە ناسنامە و مۆرکی کوردانەی بسڕنەوە.

لە نوسینی ئەم توێژینەوەیەدا پشت بە میتۆدی توێژینەوەی زانستی مێژووی لەسەر بنچینەی شیکردنەوە و هەڵهێنجاندن سەرچاوەی گرتووە، ئەمەش بە تێڕامان و ورد بوونەوە لە سەرچاوە مێژووییەکان و ئەو بەڵگەنامانەی کە تایبەتمەندیان لەگەڵ بابەتەکە هەیە .

پێکهاتەی توێژینەوەکە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە لە پێشەکی و دوو بەش پێکهاتووە، هەر بەشێک چەند تەوەرێک لە خۆدەگرێت، ئەمەش پۆلێن دەبێت بۆ دوو قۆناغی جیاوازی حوکمڕانی ماوەی دوای جەنگی دووەمی جیهانی تاکو ئاوابوونی دەسەڵاتی پاشایەتی کە بزاڤ و جموجوڵی سیاسی و ڕێکخستنی نهێنی پارتە سیاسیەکان وەک زەمینەیەکی گونجاو و جۆشدراو بۆ خەبات و تێکۆشان کاریگەری هەبووە، سەرباری ئەوەش رۆڵی کەسایەتییە سیاسی و دیارەکانی ناوچەکە لەو ماوە زەمەنیە لەخۆ دەگرێ.

بەشی دووەمی توێژینەوەکە قۆناغی یەکەمی فەرمانڕەوای سیستەمی کۆماری تاکو ٨ی شوباتی ١٩٦٣ بە کودەتای بەعسیەکان شێوازی حوکمی گۆڕا، دەخاتە بەرباس و چەندین باس لەخۆ دەگرێ، سەبارەت بە کاریگەری شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ و گەشەکردنی رێکخستنە ئاشکراکانی پارتە سیاسیەکان لە ناوچەکە و سەردەمی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ و شەڕ و پێکدادانەکانی هێزی پێشمەرگە لەگەڵ سوپای عێراقیدا .

ئەنجامێک بۆ شرۆڤەکردنی باسەکە لەگەڵ پەراوێز و لیستی سەرچاوە و بەڵگەنامەکان کۆتایی بەباسەکە دەهێنێت، هیودارم کەلێنیکم لە بۆشای نووسینەوەی مێژووی ناوچەی کفری پڕکردبێتەوە.

**دەروازە؛ پێگەی سیاسی و کارگێڕی ناوچەی کفری**

**آ-سەرەتای جموجۆڵی ڕێکخراوەی سیاسی**

شاری کفری و دەوروبەری پێشینەیەکی گرنگی لە بەرخودان و ڕووداوە سیاسیەکاندا هەبووە، هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی ڕەوشی ڕێکخستنی پارت و ڕێکخراوە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکان ناوچەی کفری مەیدانی نواندنی چالاکی هەندێک پارت و کۆمەڵە بووە، دامەزراندنی کۆمەڵەی تورکیای لاو کە بە(ئیتحاد و تەرەقی) دەناسرا، تەرز و پەلی گەیشتبووە شاری کفری، مستەفا ئەفەندی مال الله خەڵەف[1]کە بە (مستەفا ڕێژی) ناوبانگی دەرکردبوو، لقێکی کۆمەڵەی ئیتحاد و تەرەقی لە شاری کفری کردەوە، دەیان کەس لە ڕێکخستنەکانی ئەو کۆمەڵەیە ڕێکخرابوون، بڵاوکراوەکانی ئەو ڕێکخراوە لە ئەستەنبوڵەوە بە دەستیان گەیشتووە[2].

سەبارەت بە ڕێکخراوە کوردیەکان لە بیستەکانی سەدەی بیستدا لە کفری و دەوروبەریدا ڕێکخراوێکی نهێنی بە ناوی (ئازادی کوردستان) دروست بوو، لقێکی ئەم ڕێکخراوە لە کفری کرایەوە، چەندین کەسایەتی ناوچەکە لەوانە: محەمەد فەتاح بەگی جاف(١٩٠٤-١٩٣٤)، شێخ جەمال تەڵەبانی (١٨٩٨-١٩٤٣) سەعید ئەفەندی سیوبلی(١٨٥٨-١٩٤١)، وەستا ساڵحی خەیات(١٨٨٧-١٩٥٧)، شێخ سلێمان شاکەلی(١٨٩٤-١٩٣٦)، سەعید وەنداوی و چەندانی تر ، کار و چالاکییان تێدا ئەنجامداووە[3].

دواتر لە کۆتای ساڵانی سییەکانی سەدەی بیستدا حیزبێکی سیاسی بەناوی (هیوا)وە لە ناوچەکە دەرکەوت لایەنگر و ئەندامی کارای هەبووە، بەشێوازێکی فراوان شاری کفری و دەڤەری گەرمیان گۆڕەپانی چالاکی وگەشەکردنی ڕێکخستنەکانی بووە[4].

چەندین کەسایەتی لە چین و توێژە جیاجیاکانی ناوچەکە پەیوەندیان  بە ڕێخستنەکانی ئەم پارتەوە کردووە لەوانە: موکەڕەم تاڵەبانی، عەتا جەمال تەلەبانی(1925 – 2000)، داود بەگی جاف(1892 – 1966)، مستەفا نەریمان(١٩٢٥-١٩٩٤)، شێخ ئەحمەد شاکەلی(١٩٠٢-١٩٨٢)، کەریم فەتاح بەگی جاف(١٨٨٩-١٩٤٩)، عەزیز برایم خانی دەلۆ(١٩١٠-١٩٦٧)، حەمەسەعید بەگی جاف(١٩٢٦-١٩٩٦)، محەمەد سلێمان شاکەلی(١٩٣٢-٢٠١٧)، شێخ تالیب تاڵەبانی، شێخ غالیب تاڵەبانی، ئەحمەد بەگی بابان ، محەمەد عەلی ئاغا زەنگەنە، سابیر فەتحوڵلا دەلۆ(١٩١٦-١٩٨٦)، محمەد ئەمین ئاغای داودە،فەقێ محەمەد سەعاتچی...هتد، لە کەلار و کفری دوو لقی ئەم حیزبە دامەزرا و بڵاوکراوەیەکی ناوخۆیان بەناوی (شیلان) لە نێوان ساڵانی (١٩٤٤-١٩٤٥) چاپ وپەخش کراوە[5].

**ب-پێگەی کارگێڕی**

کفری یەکێکە لە قەزا گرنگەکانی لیوای کەرکوک، بەگوێرەی سەرژمێری ساڵی ١٩٤٧ سنوری ئیداری قەزاکە لە ناوەندی قەزا و ناحیەکانی (شێروانە، قەرەتەپە، پێباز) پێکهاتبوو، بەپێی سەرژمێریەکە قەزاکە لە دوو گەڕەک(ئیسماعیل بەگ کە ژمارەی دانیشتوانەکەی ٢٧٨٠ کەس بووە، گەڕەکی سادە کە ١٩٠١ کەسی تێدا ژیاوە) کۆی گشتی دانیشتوانی ناوەندی قەزاکە ٤٦٨١ کەس بووە، هیچ ئاواییەک لەسەر ناوەندی قەزاکە لەم سەرژمێرییەدا تۆمار نەکراوە، ناحیەی شێروانە ناوەندەکەی سەرقڵا بووە، دانیشتوانەکەی ٢٧٣ کەس بووە، لە کاتێکدا کەلار گوندێکی ئەم ناحیە ببووە ١٠٦٤ کەسی تێدا ژیاوە، بە کەلارەوە ١٣٠ گوند سەر بەناحیەی شێروانە بووە، کۆی ژمارەی دانیشتوانەکەی ١٧٥٦٦ کەس بووە، ناحیەی قەرەتەپە لە دوو گەڕەک(گەڕەکی مزگەت و گەڕەکی بازاڕ)لە ناو ناحیەکەدا ٢٧١٤ کەسی تێدا ژیاوە، ٩٨ گوند سەر بەم ناحیە بووە، کوڵەجۆ گەورەترین گوندی بووە، ٢١٠٦٩ کەس سەر بەم ناحیە بوونە، ناحیەی پێباز (باوەنور)٦١ گوندی لە خۆگرتووە، چرچەقەڵا و تەپەگەروس لە گەورەترین گوندەکانی بووە، ٥٩٥٩ کەسی تێدا ژیاوە، کۆی تەواوی دانیشتوانی قەزای کفری ٤٩٣٣٦ کەس بووە، لە ڕووی نەتەوەییەوە زۆربەی هەرە زۆری کورد بوون، لە ڕووی ئاینیشەوە زۆرینەی ڕەهای موسڵمان بوونە، لە ڕووی ئایتزاییەوە زۆرینەی هەرە زۆر سوننە مەزهەب بوونە[6].

لەسەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ لە ڕووی کارگێڕییەوە بە هەمان شێوەی سەرژمێری ساڵی ١٩٤٧بووە، بەڵام ژمارەی گوندەکانی ناحیەی شێروانە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، (٥) گوندی خراوەتە سەر ناحیەی پێباز ئەویش گوندەکانی(خان ڕۆستەم، خان ڕەئوف،

قولیجان سەرحەد، قولیجان ئەمین، سەرڕەش)، لە رووی کەسەکانەوە ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە بۆ ٥٥٠٢٠ کەس زیادی کردووە[7].

**بەشی یەکەم : بارودۆخی ناوچەکە لە نێوان ساڵانی (١٩٤٥ – ١٩٥٨)**

**تەوەری یەکەم: پارتە سیاسیەکان**

**١-حیزبی رزگاری کورد**

بەرلەوەی جەنگی دووەمی جیهانی(١٩٣٩ – ١٩٤٥) کۆتایی بێت، روناکبیرانی کوردیش وەک روناکبیرانی تری ناوچەکە کەوتنە خۆ و ژمارەیەک رێکخراوی نهێنیان دامەزراند، کە لە مێژووی هاوچەرخی کورددا دیاردەی دەستپێکی قۆناغێکی نوێ بوون[8]. هاوکات ئەمانە زەمینەیان بۆ پارتی سیاسی گەورەتر رەخساند، لە کوردستاندا داینەمۆی بەگڕخستنی ئاوەز و هزری سیاسی بوون، پاش هەڵوەشانەوەی حیزبی هیوا پارتێکی دیکەی کوردی لە هەناوی ئەو حزبەوە بەناوی حیزبی رزگاری کوردستان چەکەرەی کرد، ئەم پارتە سیاسیە چالاکیەکانی خۆی بەمیکانیزم و ئەزمونێکی نوێ ئەنجامدا، هەڵگری بیروباوەڕی شۆڕشگێڕی بوون، بە ئایدۆلۆژیای چەپگەرایی رێکخستنەکانی خۆی لە شارەکانی کوردستاندا کارا کرد[9] .

لە ساڵی ١٩٤٤ ئەندامانی حیزبی هیوا لە ئەنجامی ناکۆکی ناوخۆیەوە بوونە چەند باڵێکەوە بەرەو هەڵوەشانەوە چوو، بەشێک لە باڵی چەپ لەگەڵ کەسانێکی پێشکەوتووخواز پارتی رزگاری کوردیان دامەزراند[10].

لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٤٥ پارتی رزگاری کورد لەلایەن کۆمەڵێک لە رووناکبیرانی کوردەوە کە پێکهاتبوون لە ئەندامانی حیزبی شیوعی و هەندێک لە ئەندامانی حیزبی هیوا و بەشێک لە قوتابیان و لاوانی کورد و چەند کەسایەتیەکی بێلایەن وەک پارتێکی

سیاسی دامەزرا[11]، رۆژنامەی رزگاری بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی وەکو زمانحاڵی ئەو حیزبە دەردەچوو، لە زۆربەی شارەکانی کوردستاندا پەخش کراوە[12].

لەهەمان ساڵدا حیزبی رزگاری کوردستان لە گەرمیان ئۆرگان و شانە رێکخستنەکانی کەوتنە شکۆفە و چالاکی و جموجوڵی بەرچاویان هەبووە[13]. لقی رزگاری لە ناوچەی کفری یەکێک لە چالاکترین لقەکانی ئەو پارتە بووە، چونکە پێشتریش حیزبی هیوا شاری کفری مەکۆی کار و تۆکمەکردنی رێکخستنەکانی بووە[14]. ئەم پارتە لەناو شاری کفری و ژمارەیەک لەگوندەکانی دەوروبەریدا هەبوون، حاجی عەلی محەمەد سەلیم ئاغا موختاری گەڕەکی (سادە - لەناو شاری کفریدا)، سەرۆکی لقی پارتی رزگاری بووە، ئەندامە چالاکەکانیش بریتی بوون لە: محێدین حاجی مستەفای بەزاز(1910 -1999) کە بەرپرسی بڵاوکردنەوەی پەخشەکانی حیزب بووە، سابیر حاجی فەتحوڵڵا (١٩١٦ – ١٩٨٦) بەرپرسیاری کاروباری لق بووە، لقی کفری پەیڕەوێکی تایبەتیان بۆ ئەندامەکانی خۆیان دارشتبوو، لەوێدا ((کورد وکوردستان و برایەتی)) دروشم وئامانجی لقەکە بووە، سەرۆکی لق پایە و مەقامی لای ئەندامان زۆر بەرز بووە، کەس لە قسەی دەرنەچووە، دەستەی سەرۆکایەتیش لە سێ ئەندام پێکهاتووە، سەرۆک و دوو ئەندام کە تێکڕا چوار دەنگیان هەبووە، سەرۆک دوو دەنگ و دوو ئەندامەکەش هەریەکێکیان دەنگێکیان هەبووە[15].

وێڕای ئەوەی لە ناو شاردا رێکخستنەکانی ئەکتیف بوون، چوار رێکخراوی دیکە لە سنوری قەزای کفریدا هەبوون بریتیبوون لە: (شۆرتەپە، شیرین تەپە، کەلەشێر تەپە، بانەبۆر) چالاکیان ئەنجامداوە[16].

لقی رزگاری کفری پەیوەندیەکی تۆکمەی لەگەڵ لقەکانی تری ئەو حیزبەدا لە شارەکانی دیکەی کوردستان هەبووە، بەو پێودانگەی کە دامودەزگاکانی میری ئەندامانی ئەم حیزبەی خستبووە ژێر چاودێری ووردەوە دەکرێت بڵێین لە سنور و جوغزی ئەم شارەدا ئەندامەکانی کارا و چالاک بوونە، بۆ نموونە چەندین جار شێخ موکەڕەم تاڵەبانی لەسەر چالاکیەکانی لەلایەن دامودەزگا سیخوریەکانەوە بەندکراوە [17].

خەسڵەتێکی ئەم پارتە بریتی بووە لەوە هەوڵی داوە پەیوەندی روناکبیرانی شار و گوند بەهێز کردووە، هاوخەباتی لە نێوان گوند و شاردا دروستکردووە [18]

هەر لەشاری کفریدا ئەندامانی ئەم حیزبە لە هەندێک لە ئەندامانی پێشووی حیزبی هیوا و حیزبی شیوعی و بێلایەن پێکهاتبوو، جگە لە بەرپرسەکانیان لە کەسە دیارەکانیان: ئەحمەد رەشید بەزاز، محەمەد سەعاتچی، حاجی مستەفا، نەجیب شێخ عەلی، حاجی فەتاح ئەمین، سەعید حەمە رەش، سەعید خەیات، حەسەن وەستا ئەحمەد، ئەوانەی لە دەرەوەی شار چالاکیان ئەنجامداوە ئەمانە(مستەفا نەریمان لە کەلار، موکەڕەم تاڵەبانی لە زەرداو، مەلا عەزیز لە دوازدەئیمام، محەمەد ئەحمەد قەرەداغی لە سلێمان بەگ)بوون [19].

تەمەنی ئەم پارتە لە ساڵێک و شەش مانگ زیاتر تێپەر نەبووە، زۆربەی سەرکردەکانی بیروباوەڕی چەپیان هەبووە، بەڵام مۆرکی نەتەوەیان پێوە دیار بووە، هەوڵی گەشەکردنی بیری نەتەوەی کوردیان داوە[20]. لەو ماوە کەمەی تەمەنیدا ژمارەی ئەندام و لایەنگرانی ئەم پارت لە نێوان پێنج بۆ شەش هەزار کەس بووە[21].

دەکرێت بڵێین ئەم پارتە رۆڵێکی گەورەی لە قوڵکردنەوە و گەشەکردنی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردیدا هەبووە، گەشە و پەرەپێدانی بۆ ئەوەی ببێتە جوڵانەوەیەکی جەماوەری میللی، لە گشت روویەکەوە هەوڵی چاکسازی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی هاوشانی ئامانجە نیشتمانی و نەتەوەییەکان لە کارکردنیشدا تیۆری شۆڕشگێڕیان پەیڕەو کردووە[22].

دوای چەندین چالاکی کە بانگەشە و داوای خود موختاریان بۆ گەلی کورد کردووە، ئەم پارتە لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦ چوونە ریزی پارتی دیموکراتی کوردەوە، لە راستیدا بناغە وکۆڵەگەی دامەزراندنی بوون[23].

**٢- حیزبی شیوعی عێراق**

لە ٣١ی ئاداری ١٩٣٤ حیزبی شیوعی عێراق دامەزرا لەسەرەتای دروستبوونیەوە پێیدەوترا: (لیژنەی بەرەنگاربوونەوەی قەڵاچۆکردنی ئیسعتمار و بەرهەمهێنان خوازان) [24].

آ-ڕێکخستنی قەرەتەپە

لە کۆتایی دەیەی سییەکاندا (عەزیز عەلی مورتەزا)، کە خەڵکی قەرەتەپە و لە ڕووی ئاینزاییەوە شیعە مەزهەب بوو، لە (مجرالصغیر)ی سەر بە لیوای (عمارە) مامۆستا بووە، کەوتبووە ژێر کاریگەری بیری کۆمۆنیستی. ناوبراو توانی کار بکاتە سەر هەندێک لە برادەرانی خۆی، لەوانەش: (ڕەزا جەلیل ئیبراهیم) کە خەڵکی هەمان شارۆچکە بوو، لە شارۆچکەکەدا دامەزرێنەری شیوعییەت بوو. یەکەم شانەی لە چلەکاندا دامەزراند، کە پێکهاتبوون لە : (ئیبراهیم محەمەد جبوری: عەرەبی سوونە، موختاری گوندی نێرگس بوو، ئیبراهیم خلیل مەقسجی : کوردی سوونە، دانیشتووی گوندی گاخۆر بوو، عەبود مستەفا عەبد جبوری: عەرەبی سوونە مەزهەب بوو، عباس مجید تمیمی: عەرەبی شیعە مەزهەب بوو)، کۆبوونەوەکانی ئەم شانەیە لە ماڵی (کەریم وەستا حوسێن) ئەنجامدەدرا، هەرچەندە ناوبراو شیوعی نەبوو، بەڵام هاوسۆزی هزری مارکسی بوو. ئەم شانەیە بەردەوام نەبوو، هەڵوەشایەوە تا لە ساڵی 1956 (ڕەزا جەلیل) توانی شانەیەکی تر پێکهێنێت، کە بووە بەردی بناغەی ڕێکخستنی حیزبی شیوعی لەو شارۆچکەیە و هەر یەک لە (قاسم ڕەزا حەیدەری، حەقی خەلیل سرایلی، حسین حسن سرایلی، کازم ئەحمەد – کۆر کازم – عەرەبی نەداوی) پێکهاتبوو. کە هەموویان شیعە مەزهەب بوون. کۆبوونەوەکانی ئەم ڕێکخستنە بەردەوام بوو تا بڕیاری دەستگیرکردنی (ڕەزا) لەلایەن دەسەڵاتەوە دەرچوو. ناوبراو قەرەتەپەی بەجێهێشت، ڕووی لەشاری بەغدا کرد، لەوێ بووە دەفتەرداری بازرگانێکی دانەوێڵە ناوی(جەعفەر ئەبوو ئەلتمەن)بوو، لەبری ئەو (مەهدی حەمید) سەرپەرشتی ڕێکخستنی قەرەتەپەی کردووە. دوای شۆڕشی تەموزی 1958 (ڕەزا جەلیل) گەڕایەوە و دووبارە ئەرکی سەرپەرشتیاری ڕێکخستنی لەئەستۆ گرتەوە، ڕێکخستنەکەی فراوان کرد و ژمارەی ئەندامانی گەیشتنە (85) کەس. لە نێویاندا چەند زەویدارێک هەبوون، وەک: (جواد الفهد، نامیق ئاغای زەنگەنە، مەحمود ڕەفعەت ئەفەندی) [25] .

ب- ڕێکخستنی کفری : بڵاوبوونەوەی بیری کۆمۆنیستی لە کفری بەهۆی قوتابیانی ئەم شارەوە بووە. ئەوانەش لە بەغدا و کەرکوک دەیانخوێند (موکەڕەم شێخ جەمال تاڵەبانی) لە دایک بووی شاری کەرکوک و دواتر لە گوندی زەرداوی نزیک کفری نیشتەجێ بووە، بەو پێیەی زەوییەکانی گوندی زەرداو موڵکی ئەوقاف بوو، بۆ تەکییەی تاڵەبانی وەقف کرابوو. ناوبراو کاتێک لە بەغدا قوتابی بووە، ساڵی 1945 پەیوەندی بە حیزبی شیوعی عێراقەوە کردووە. دوو ساڵ دواتر و لەساڵی 1947 شێخ عەتا(١٩٢٥ – ٢٠٠٠)ی برای بەهۆی (نافع یونس)ەوە پەیوەندی بەریزی ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعییەوە کردووە، لە ڕێگای ئەویشەوە هەریەک لە (ئیبراهیم حاجی فەتاح(١٩٣٢-١٩٨٧)) لە قەرەبلاخی گەورەو (مەجید زەهاوی)، (ئەدهەم) لە خانقین ڕێکخران[26]. لەشاری کەرکوکیش ساڵی 1948 کۆمەڵێک لاوی ناوچەی کفری قوتابی قوتابخانەی ناوەندی کەرکوک بوون . لەوانە: (محەمەد سەعید محەمەد حەبیب) و (قادری حاجی عەلی) ئامۆزای پێکەوە پێوەندیان بە ڕێکخستنێکەوە کردووە. لە پشووەکاندا بەرپرسێکی حیزب سەردانیانی لە کفری کردووە و کۆبوونەوەی لەگەڵ کردوون. لەو شانەیەدا خوێندکارێکی ناوەندی کفری بە ڕەگەز جولەکە هەبووە، کە دواتر لەگەڵ بنەماڵەکەی کۆچی بۆ ئیسرائیل کردووە. ئەم بارودۆخە بۆ چەند ساڵێک بەردەوام بوو. موکەڕەم تاڵەبانی ساڵی 1948 دەستگیر کراوە بە حەوت ساڵ زیندانی و سێ ساڵ دوورخستنەوە حوکم دراوە. لە ساڵی 1955 ماوەی زیندانییەکەی تەواو کرد و لە کفری بۆ ماوەی سێ ساڵ لە ژێر چاودێریدا بووە. بەهاتنی ناوبراو بۆ کفری و تەواو بوونی خوێندنی قوتابیانی ئامادەیی کەرکوک، شانەی ڕێکخستنی کفرییان دامەزراندوە، کە پێکهاتبوون لە: (محەمەد سەعید محەمەد حەبیب، قادر حاجی عەلی، عەلی شێخ محێدین، ئەحمەد سەردار) کە ئەمەی دواییان فەرمانبەری تەندروستی بووە. شانەکە بە سەرپەرشتی (موکەڕەم تاڵەبانی) بووە. جگە لە شاری کفری ڕێکخستنی حیزبی شیوعی لە هەردوو گوندی (زەرداو و دوازدە ئیمام) لە ژێر سەرپەرشتی (شێخ عەتا)دا بووە. جێگای ئاماژەیە (محەمەد سەعید و قادر حاجی عەلی) لە کاتی بەشداری کردنیان لە خۆپیشاندانی دژ بە لەسێدارەدانی (فەهد) و هاوەڵەکانی دەستگیرکران، یەکەمیان هەمان ڕۆژ و دووەمیش ڕۆژی دواتر ئازادکران. شایەنی باسە لە کاتی گەڕانەوەی (محەمەد سەعید) لە شاری بەغداوە بۆ کفری ڕێکەوت وابوو، گەڕانەوەی ناوبراو لەگەڵ هەڵهاتنی ژمارەیەک بەندکراوی بەندیخانەی بەعقوبەدا بووە، کە زۆربەی هەرە زۆریان ئەندام و لایەنگرانی حیزبی شیوعی بوون، لەمانگی تەموزی 1954دا حکومەت ڕێوشوێنێکی ئەمنی توندی گرتبووەبەر، بۆیە لەکاتی پشکنیندا هەندێ کتێبی مارکس لە جانتای ناوبراودا بەدی دەکرێت،

بەو هۆیەوە دیسانەوە بەند کرایەوە و دوای (11) رۆژ ئازاد کراوە. لە راستیدا ئەمە یەکەم جار و دواجاریش نەبووە، بەڵکو لەتشرینی دووەمی 1954 ژمارەیەک بەندکراوی حیزبی شیوعی(11) کەس بوون لەبەندیخانە هەڵهاتن[27].

رێکخستنەکانی حیزبی شیوعی عێراق لە کفری تاوەکو ساڵی ١٩٥٨ لە کەسە دیارەکانیان (محەمەد سەعید حەبیب، عەبدولقادر محەمەد عەلی ئەکرەم، حوسێن ساڵح، ئیبراهیم قەنبەر، ئیسماعیل قادر، عەلی شێخ محێدین، ئەحمەد کچانی، ئەحمەد سەردار، باوە ئەحمەد،هیدایەت کوێخا ئیبراهیم، ئیسماعیل سەمین کچانی، فارس عەزیز حوسێن، مستەفا عەلی نەزەر، رەشید کازم، حەمید مەجید مارف، ئیسماعیل محەمەد، محەمەد هەیەر، عەلی حاجی حەسەن، محەمەد قادر، حوسێن حەسەن، مەلا عەزیز عەبدولرەحمان(١٩٠٥-١٩٩٤)، مەدحەت قادر، مەلا سابیر، حوسێن حاجی سەمین(١٩١٩ – ٢٠٠٢)، نەجمەدین حەسەن وەستا ئەحمەد)[28]. لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی بیست موکەڕەم تاڵەبانی سەرپەرشتی رێکخستنەکانی کردووە، لە قەرەتەپە (حوسێن رەزا) سەرپەرشتی رێکخستنەکانی کردووە، لە دەرەوەی شار بەتایبەتی لە گوندەکانی زەرداو و دوازدەئیمام ئەمانە (عەتا تاڵەبانی، مەلا عەزیز عەبدولرەحمان، سەعید جەعفەر، وەستا عەبدوڵا، مەلا شوکر ئیبراهیم، حەسەن رەعنا، فارس عەبدولرەحمان، ئەیوب غەفور، خەلیفە عەزیز، عەزیز ئیبراهیم) رۆڵی بەرچاویان هەبووە[29].

هاوکات لە ناو سوپادا بایەخی بە فراوان کردنی رێکخستنەکانداوە، کۆمەڵێک لە سەربازەکانی ناوچەی گەرمیان جێگەی خۆیان لەناو ئەو رێکخستنەدا کردەوە، لەو کەسایەتییانەش (عەزیز سەید قادر، عەلی شێخ محێدین، عومەر شێخ عەبدوڵڵا، وەلی باوە ئەحمەد، مەدحەت قادر). سێ کەسایەتی یەکەم بەهۆی ئاشکرابوونی رێکخستنەکەوە دەستگیرکران و بە چەند ساڵێک حوکم دران، دوای دەرچوونیان لە بەندیخانە لە خزمەتی سەربازی دەرکران. عەزیز سەید قادر و عەلی شێخ محێدین لە کاری سیاسی بەردەوام بوون، بەڵام عومەر شێخ عەبدوڵڵا دەستی لەکاری حیزبی کێشایەوە . هەروەها لە ڕیزی فرۆکەوانان (جەمال جەمیل ئیسماعیل) لە دایک بووی ساڵی 1934 شاری کفری و لە هۆزی وەنداوی، هەڵگری بیری کۆمۆنیستی لە ڕیزی حیزبی شیوعی دابوو. بە پلانێکی نەخشە بۆ دارێژراو لەلایەن ئەفسەرە قەومییەکانەوە لە سەرەتای ساڵی 1960 دا گیانی لە دەست دا. (کەماڵ) ی برای لەژێر کارتێکردنی فکری براکەیدا لە ڕیزی حیزبدا خەباتی کردووە، دوای مردنی براکەشی بەردەوام بوو[30].

### ٣-پارتی دیموکراتی کوردستان

#### آ-لە رووی رێکخستنەوە

لە حوزەیرانی ١٩٤٦ نامەیەک لەلایەن مەلا مستەفا بارزانیەوە(١٩٠٣ -١٩٧٩) بە هەمزە عەبدوڵڵا(١٩١٤- ١٩٩٨)دا گەیشتە ئیبراهیم ئەحمەد[31]ناوەرۆکی نامەکە بەمەبەستی دروست کردنی پارتێکی سیاسی بە ناوی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، بۆ ئەو مەبەستەش هەریەک لە (مستەفا سەید ئەحمەد (مستەفا نەریمان) و عەتا جەمال (شێخ عەتا تاڵەبانی) و مەلا عەزیزی دوازدە ئیمام) ئاگادار کرانەوە و چوونە سلێمانی و لە ماڵی برایم ئەحمەد بۆ تاوتوێ کردنی ئەو نامەیە کۆبونەوە[32].

دواتریش یەکەم کۆنگرەی[33]پارتی لە شاری بەغدا لە ماڵی (سەعید فەهیم) ئەنجامدرا، مستەفا بارزانی بەسەرۆک و (١٥) کەس بۆ سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کورد هەڵبژێردران، یەکێک لەوانە مەلا سەید حەکیم خانەقینی(١٨٩٢ - ١٩٥٧)[34]بوو، سەرپەرشتی رێکخستنەکانی خانەقین وکفری و ناوچەکەی لەئەستۆ گرتبوو[35].

لە پاش کۆنگرە مەلا سەید حەکیم لە خانەقین بانگهێشتی مستەفا نەریمان و مەلا سابیر سەڵتە زەردی لە کفریەوە بۆ خانەقین کردووە، باسی دامەزراندنی پارتی و کۆنگرەکەی بۆ کردوون، پێیانی راگەیاندووە ئەم پارتە هاوشێوەی حیزبی هیوا نییە، پێویستە نهێنی نەدرکێنن، شانەی رێکخستنەکانیان لە نێوان(٣-٤) کەس زیاتر نەبێ، لە ماوەی دوو ساڵدا رێکخستنەکانی پارتی لە نێوان چەند کەسێکدا بوون[36].

ئەو ماوەیە رێکخستنەکانی کفری و خانەقین لەلایەن مەلا سەید حەکیم سەرپەرشتی کراوە مانگی جارێک مستەفا نەریمان یاخود مەلا عەزیز دوازدە ئیمام سەردانی خانەقینیان کردووە، رێنمایی و ئامۆژگاریان وەرگرتووە، باسی چالاکی و هەواڵی ناوچەکەیان پێ

گەیاندووە، بەڵام کاتێک لەساڵی ١٩٥٦ عەلی حەمدی(١٩١٨-١٩٦٤) وەکو فەرمانبەری تاپۆ گوێزرایەوە بۆ کفری پاشتر بووە بەڕێوەبەری هەمان فەرمانگە(لە کفری بە عەلی تاپۆ ناسراو بوو) ئیتر ئەو سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی قەزای کفری کردووە[37].
لە چلەکاندا بەهۆی حیزبی هیواوە بیروباوەڕی کوردایەتی ڕەگی داکوتا بوو، ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبە کوردییەکان بەدەستی خوێنەران گەیشتووە، بۆیە پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی شیوعی عێراق لە کفری و دەوروبەریدا ڕێکخستن و هەوادارییان هەبووە[38]. لەو سەروەختەدا (مەلا سابیر سەڵتە زەرد، جەلال حوسێن قەرەداغی، دەروێش ئەفەندی، شێخ عومەری بەرگدروو، عەبدولرەحمانی نفووس) لە کەسە ئەکتیف و دیارەکانی ناوڕێکخستنەکانی پارتی بوون[39].

### ب-چالاکی لەدەرەوەی سنوری قەزای کفری

وەنەبێت خەڵکی کفری تەنها لە سنوری کفری چالاکی ڕێکخستنی پارتیان ئەنجام دابێت، مستەفا نەریمان و محەمەد ئەحمەد قەرەداغی وەکو مامۆستا لەسەرەتای پەنجاکانی سەدەی بیستدا بۆ کەرکوک گوێزرانەوە، بەو پێوەدانگەی نزیک بوون لە ئیبراهیم ئەحمەد و عومەر مستەفا و عەلی عەسکەری کاریگەریان لەسەر گەشەکردنی ڕێکخستنەکانی پارتی لە کفری هەبووە[40].بەگوێرەی بیرەوەرییەکانی عمر حاجی عەلی زەنگەنە باس لەوە دەکات یەکەم پەیوەندی بەڕێکخستنەوە لە کەرکوک لەلایەن مستەفا نەریمان بووە و ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە[41].
جەلال حوسێن قەرەداغی لە ساڵی ١٩٥٦ لە کەرکوک قوتابی دواناوەندی بووە، کاریگەری عەلی عەسکەری و عومەر مستەفای لەسەر بووە، بۆیە لە کاتی پشووەکان گەڕاوەتەوە کفری کاری بۆ ڕێکخستنی پارتی کردووە و چەندین کەسی بۆ ریزەکانی ڕێکخستنەوە هێناوە[42]. ئیسماعیل عەزیز خان دەلۆ(١٩٣٧-٢٠١٦)لە نەخۆشخانەی سەربازی لە کەرکوک ئەو لە ساڵی ١٩٥٨ سەرباز بووە، لە ساڵی ١٩٦٠ لە ڕێگای عەبدوڵلا توتنچیەوە کە سەر بە هۆزی شێخ بزێنی بووە، پەیوەندی بەریزەکانی پارتیەوە کردووە ، پاشتر بووەتە یاریدەدری لێپرسراوی ڕێکخراوی سەربازی کەرکوک، لە تشرینی ١٩٦٢ بۆ پێشمەرگایەتی چووەتە ئەشکەوتی چەمی ڕێزان و پاش سێ مانگ بۆ پێشمەرگایەتی گەڕاوەتەوە قەرەداغ کە ئەو کاتە شێخ محەمەد شێخ عەبدولکەریم لێپرسراوی پێشمەرگەکانی قەرەداغ بووە[43].
مستەفا نەریمان لە شەقلاوە بەشداری لە هەردوو کۆنگرەی ساڵانی (١٩٥٩ و ١٩٦٠) یەکێتی مامۆستایانی کورد کردووە، ڕۆڵی تێدا هەبووە[44].

### تەوەری دووەم : کەسایەتییە سیاسیەکانی ناوچەکە لە دەوڵەتی عێراقدا

هەرچەند لەسەردەمەکانی ماوەی پێش ئەم توێژینەوەدا چەندین کەسایەتی سنوری قەزای کفری ڕۆڵ و نەخشیان لە ڕەورەوەی بەرەوپێشچوونی ژیانی سیاسی و کارگێڕی ناوچەکە هەبووە، بەڵام لەم توێژینەوەدا تەنها ئاماژە بۆ ڕۆڵی چەند کەسایەتیەک دەکەین کە خەڵکی سنوری قەزای کفری بوونە لەسەردەمی پاشایەتی ماوەی ئەم توێژینەوەیە دەیانگرێتەوە باس دەکەین لەوانە:
**عومەر نەزمی:** عومەر حەسەن مەلا محەمەد ئەفەندی لە ساڵی ١٨٩٣ لە شاری کفری لە دایک بووە، لە وەنداویەکانی شاری کفریە[45]، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە کفری تەواو کردووە، کۆلیژی مافی لە ئەستەنبوڵی پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی تەواو کردووە، لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقدا لە شاری کەرکوک وەک دادوەر دەستبەکار بووە. لە ساڵانی سییەکان ماوەیەک پارێزگاری موسڵ بووە[46] .
لە کۆتای ساڵانی سییەکانی سەدەی رابردوو تاکو کۆتایی ساڵی ١٩٥٢ چەندین پۆستی وەزیری و هەندێک جار جێگری سەرۆک وەزیران لە کابینە جیاوازەکانی سەردەمی پاشایەتی وەرگرتووە، وەکو وەزیری وەزارەتەکانی (داد، ئابوری و گەیاندن، گەیاندن و ئەشغاڵ، ناوخۆ، بەرگری بە وەکالەت، وەزیری بێ وەزارەت)، لە ساڵی ١٩٤٩ وەکو جێگری سەرۆک وەزیران دەستبەکار بووە، دەسەڵاتەکانی: سەرۆکی لیژنەی باڵای تەموین بووە، هەموو دەسەڵاتە یاسایە تایبەتیەکانی فەرمانگە گشتی ئەوقافی هەبووە، سەرپەرشتی دروستکردنی پەیڕەوی ئەنجومەنی وەزیرانی کردووە، لەساڵی ١٩٧٨ لە وڵاتی لوبنان کۆچی دوای کردووە[47].

**جمال عومەر نەزمی:** لەساڵی ١٩١١ لە شاری کفری لە دایک بووە، لە نێوان ساڵانی ١٩٥٣ – ١٩٥٧ لە خولەکانی (١٣، ١٤، ١٥) سێ خول ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بووە، لە ساڵی ١٩٥٧ وەزیری کشتوکاڵ بووە. لە ساڵی ١٩٦٨ لەبەغدا بە نەخۆشی کۆچی دوای کردووە[48].

**مەحمود بابان:** مەحمود جەمیل مەجید پاشای بابان لەساڵی ١٩٢٠ لە شاری کفری لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە کفری تەواو کردوە، ناوەندی و دواناوەندی لە شاری بەغدا تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٤٣ کۆلێژی ماف لە بەغدا تەواو کردووە، لە نێوان ساڵانی (١٩٤٣ – ١٩٥٠) لە دادگای بەغدا وەکو لێکۆڵەر کاری کردووە، پاشتر بووەتە دادوەر[49]، چوار خول لە خولەکانی (١٣ ، ١٤، ١٥، ١٦) لە نێوان ساڵانی (١٩٥٤ – ١٩٥٨) ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بووە. چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاری بۆ ناوچەی کفری دەستبەر کردووە، یەکێک لەوانە پرۆژەی ئاوی ناحیەی قەرەتەپە بووە[50].

لە نێوان ١٤ی کانونی یەکەمی ١٩٥٧ تاکو ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ بەهۆی نالەباری بارودۆخی وڵاتەوە سێ جار کابینەی وەزاری گۆڕا، لەو سێ کابینەیەدا بابان وەک وەزیری (تەندروستی، دەوڵەت بۆ کاروباری ئەنجومەنی وەزیران، بێ وەزارەت)دەست بەکار بووە[51] لەساڵانی ١٩٥٧ و ١٩٥٨ سەرۆکی یانەی سەرکەوتنی کوردان بووە[52]، خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری (هیوا)[53]بووە، کۆمەڵەی لاوانی دامەرزاندوە، لە داوای شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ رووی لە وڵاتی ئوردن کردووە لە ساڵی ١٩٩٧ لە لەندن کۆچی دوای کردووە، تەرمەکەی گەڕێندراوەتەوە بۆ ئوردن لە گۆڕستانی (ال التل) لە شاری ئەربەد نێژراوە[54].

**داود بەگی جاف:** لە ساڵی ١٩٠٥ لە گوندی (میرەدێ) ناوچەیی گەرمیان لە دایک بووە، لە شەڕی ئاوباریک لە ساڵی ١٩٣١ دژ بە سوپای عێراقی هاوکاری شێخ مەحمود بووە ، پاڵپشتێکی بەهێزی حیزبی هیوا بووە، نۆ خول لە خولەکانی (٨ – ١٦) ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بووە، بەهۆی شۆڕشی ١٤ی تەموزەوە لەساڵی ١٩٥٩ پەنای بردووەتە بەر وڵاتی ئێران لە ساڵی ١٩٦٦ لە ئێران کۆچی دوایی کردووە[55]، تەرمەکەی گەڕێندرایەوە بۆ کەلار و لە گۆڕستانی سەید خەلیل بەخاک سپێردراوە[56].

**محەمەد حاجی نەعمان مەلا ئەفەندی:** لەساڵی ١٨٨٥ لە کفری لەدایک بووە، لەنێوان ساڵانی (١٩٣٤ -١٩٥٢) چوار خول ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بووە، لە ئەنجامی بۆربۆرین(منافسە)ی هەڵبژاردن لە ساڵی ١٩٥٤ بریندار بووە، لە ١٩٧٦ کۆچی دوای کردووە[57].

**بەشی دووەم: ناوچەی کفری لە نێوان ساڵانی (١٩٥٨ -١٩٦٣)**

**تەوەری یەکەم: ١-چالاکییە سیاسیەکان**

لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەموز یەکێک لەو هەنگاوە گرنگانەی حکومەتی کۆماری لە عێراق بۆ کورد جێگای بایەخ و دڵخۆشی بوو بڕیاری لێخشبوون لە مستەفا بارزانی و گەڕانەوەی لە تاراوگە (یەکێتی سۆڤیەت) بوو، لە ئەنجامی پەیوەندی نامە گۆڕینەوەی بارزانی لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم و حکومەتەکەی، لە ٦ی تشرینی یەکەم ١٩٥٨ گەیشتەوە عێراق و وەکو سەرکردەیەکی گەورە لە فرۆکەخانەی موسەننا لەدوای سیازدە ساڵ لە ئاوارەیی و دوورەوڵاتی گەڕایەوە[58].

شایانی باسە لەلایەن عەبدولکەریم قاسم(١٩١٣ – ١٩٦٣)ەوە پێشوازی لێکرا و ئۆتۆمبیلێکی پێبەخشی لە خانووی سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق (نوری سەعید) نیشتەجێ بوو، بارزانی بەهەموو توانایەوە خۆشحاڵی و پاڵپشتی خۆی و پارتەکەی بۆ شۆڕشی ١٤ی تەموز دەبڕی[59]. جەماوەری کوردپەروەر لە زۆربەی شارەکانی کوردستانەوە چوونە بەغدا بۆ پێشوازی و بەخێرهاتنەوەی، لە شاری کفری شاندێکی گەورە لە دانیشتوانی شارەکە و دەوروبەری چوونە بەغدا، لە رۆژی ٢٧ی ١٠ی ١٩٥٨ لەلایەن مستەفا بارزانییەوە پێشوازی لە شاندەکە کرا، کە زیاتر (٦٠)[60] کەس بوون، دوو رۆژ پێشتر عبدولسەلام عارف دوو کورسی سەرۆکایەتی بۆ بارزانی ناردبوو، تاکو کاتێک لەگەڵ میوانەکانی کۆببێتەوە لەسەری دابنیشێت، بەڵام لە کاتی کۆبوونەوەی لەگەڵ شاندی کفری بارزانی وتی: خەڵکی کفری لە رێگای دوورەوە هاتوون ئەمەوێت خۆمانە لەگەڵیان دابنیشم بۆیە لەسەر ئەو

کورسیانه دانەنیشت، لەو دیدارەدا وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی و بەخێرهاتنەوەی، کە شاندەکە بەناوی دانشیوانی کفریەوە دڵخۆشی خۆیان بەگەڕانەوەی دەربڕی، هەروەها قسەوباس سەبارەت بە پرسە نەتەوەی ونیشتمانیەکان کرا[61].

هەرلەدوای شۆڕشی ١٤ی تەموز جۆرە ئازادیەک بۆکاری ڕێکخراوی هاتبووە کایەوە، لە شاری کفری لە ماڵ مەلا کەریمی هەولێری ئەمانە (عەلی حەمدی، محێدین حاجی محەمەد، مستەفا نەریمان، سابیر فەتحوڵلا (سەڵتە زەرد)، مەلا کەریم) کۆبوونەوە، بەرنامە و پلان بۆ چالاکی و کاری ڕێکخستنی پارتی دانرا، لە دەوروپشتی شاریش ئەمانە ئامادەی کارکردن بوون (مستەفا جاف، عەلی سەلیم جاف، ئەحمەد برا حەمە، شێخ ئەحمەد و ئەحمەد کەلاری) هەرلەو کۆبوونەدا (عەلی حەمدی) بە لێپرسراوی ناوچە هەڵبژێردرا[62] .

لە سەردەمی کۆماریدا بەر لەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان مۆڵەتی فەرمی وەربگرێ، ڕێکخستنەکانیان لەبارەگای رۆژنامەی خەبات کۆدەبوونەوە، چونکە رۆژنامەکە مۆڵەتی فەرمی هەبوو، ئەم بارەگایە لە گەڕەکی سەیدەکانەوە(سادە)بوو[63] لە خانووی (ڕەشید حەیات) بەرانبەر تەوراتی جووەکان بووە، دواتر بۆ کۆڵانی دەدە گوێزرایەوە[64]، جگە لەوەش لە هەندێک شوێنی دیکە وەک (چایخانەی بەفری و چایخانەی ئەحمەد حاجی سەمین) بەناوی خەبات یاخود لاوان کۆدەبوونەوە و کار و چالاکیان ئەنجام داوە، دواتر بارەگایان لە سەنتەری شار کردوەتەوە[65].

جگەلەوەی بارەگای رۆژنامەی خەبات بوو، هاوکات بۆ کۆڕوکۆبوونەوە حیزبیەکان و ڕێکخراوە پیشەیەکان لەهەمان بارەگا گرد دەبوونەوە[66]. یەکەمجار کە بارەگای ناوچەی پارتی لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ لە کفری کرایەوە عەلی حەمدی بەرپرسی ناوچە بوو، هاوکات ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی بوو[67].

سەبارەت بە ڕێکخراوە پیشەییەکان لە مانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٥٨ یەکێتی قوتابیانی کفری دامەزراوە، (کامیل سابیر قادر) وەک بەرپرسی یەکەم و (عەباس کریم ئەمین)یش جێگر و هەریەک لە (محەمەد مستەفا سەمین و هیدایەت قاسم حەسەن و عومەر گلی و غازی سالار و جەلال محەمەد ئیسماعیل، بەهجەت حیکمەت، نەجیب سەعید، مەحمود ئەحمەد ئەلیاس، نوری حاجی رەئوف) وەک ئەندام و کەسە چالاکەکانی ئەم ڕێکخراوە دەستنیشان کران[68]، لە کۆتای هەمان ساڵیشدا لە ناو ناوچەدا بارەگایەکیان بۆکرایەوە، جگە لەم ڕێکخراوە چەندین ڕێکخراوی تر دامەزرێندران وەک ڕێکخراوی جوتیاران، کە هەریەک لە (عەلی فەقێ محەمەد کارێزی، شێخ محەمەد شێخ عەبدولقادر، کوێخا فەریق مەدحەت(١٩٢٨-١٩٩٧)، ئەحمەد برا حەمە، کوێخا محەمەد قادر مستەفا، مەجید حەمە سوور) دەستەی بەڕێوەبردنی بوون، هاوکات ڕێکخراوی مامۆستایان لە (عەبدولباقی حاجی سەمین، سەلاح مەجید، حوسێن حەسەن فەتاح، عەبدوڵلا کەریم چایچی) پێکهاتبوو. دەربارەی ڕێکخراوی ئافرەتان ئەمانە (حەبیبە خانی کەریم بەگی جاف، بەشیرە مەلا ئەحمەد، لەتیفە وەستا ئەحمەد، مەلیحە عەبدوڵلا چاوش) سەرپەرشتیان کردووە. پێش ئەوەی پارتی مۆڵەتی یاسایی بەدەست بهێنێت، لەکۆتایی ساڵی ١٩٥٨ پارتی بارەگایەکی بۆ ڕێکخراوی (قوتابیان و لاوانی کوردستان) کردەوە، هەروەها لەم ساڵەدا سەدان کەس چوونەتە ریزی پارتییەوە، بەشێکیان لە ناو ئەو ڕێکخراوانە جێگەی خۆیان کردەوە . بێگومان دانیشتوانی شاری کفری لە نەتەوە و زمان و چین و توێژی جیاواز و پێکهاتەی ڕێکخستنەکان وەک یەک نەبووە، هەرتوێژێک هەوڵی داوە چالاکی لە بازنەی خۆیدا فراوان کردووە[69] .

مستەفا نەریمان لە بیرەوەیەکانی ژیانی خۆیدا باس دەکات: لە پاش ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ کاتێک لە شاری بەغدا بووە وەکو لێژنەیەکی پەروەردەی لەگەڵ دەستیەک بۆ کاروباری خوێندنی کوردی بۆ دیداری عەبدولکەریم قاسم چوونە، لەسەر داوای ئیبراهیم ئەحمەد گەڕاوەتەوە بۆ شاری کفری بۆ پتەوکردنی بناغەی ڕێکخستنەکانی پارتی لە ناوچەکەدا، ناوبراو سەردانی کفری و گوندەکانی (کنگربان و قەرەبڵاغ)ی کردووە بۆی دەرکەوتووە ڕای گشتی بەرەو بوژاندنەوەی پارتیە لەسەر بناغەیەکی پتەو[70] .

کاتێک یاسای کۆمەڵەکان بە ژمارە(١) لە ٢ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٦٠ راگەیەندرا[71]. رۆژی (٩ی شوباتی١٩٦٠) پارتی مۆڵەتی کارکردنی فەرمی لە حکومەتی عێراق وەرگرت[72]، ئیتر بارەگای ناوچەی کفری بە فەرمی کرایەوە. لەو کاتەدا حیزبی شیوعی مۆڵەتی

پێنەدرا، بۆیە ڕێکخستنەکانی پارتی لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان لە برەو و پەرەسەندندا بووە، تەنانەت هەندێک لە هەوادارانی شیوعی چوونە ریزی ڕێکخستنەکانی پارتیەوە و درێژەیان بە خەباتدا[73].

عەلی حەمدی لەسەرەتای ساڵی ١٩٦١ ڕاژەکەی وەکو فەرمانبەری میری گواێزرایەوە بۆ قەزای شەترەی سەر بەلیوای ناسریە، ئەمەش بۆ ناوبراو وەکو سزایەکی حکومەت بوو، خێزانەکەی لە شاری کفری مایەوە، کاتێک لە مانگی شوباتی ١٩٦١ لە یەکەم سەردانی بۆ لای خێزانەکەی لە کفری کرد، حکومەت دەستگیری کرد[74]، بەهەوڵ و تەقەلای ئەندامانی ڕێکخستنەکانی ناوشار لەرێگای (عەباس مستەفا رەیحان) پۆلیسی مەرکەز و (مەولود چایچی) چایچی قائیمقام بوو، کار ئاسانیان بۆ کردن، شەو لە بەندیخانە رزگارکرا، دواتر حکومەتی عێراق لەسەر ئەو دۆسێیە سزایانی داوە[75]، بە جلوبەرگی پانتۆڵەوە گەیندرایە گوندی دوازدەئیمام هەر بەو شەوە کەواو سەڵتەی گەرمیانی لەبەرکرد و بردویانەتە گوندی فەتاح هۆمەر لەوێوە رەوانەی دەڤەری بادینان کرا. مۆری ناوچە لەلای عەلی دیوانە مایەوە کاروباری ڕێکخستنی ناوچەی لە ناوشاردا بەڕێوەبردووە، دامودەزگاکانی حکومەت کەوتنە دەستگیرکردنی کادێر و ئەندام و هەوادارانی پارتی، لە پاش ماوەیەک (عەلی دیوانە، شێخ عومەر، حسێن وەستا ئەحمەد) دەستگیرکران و ماوەی ساڵێک بەندکران[76]. هەر لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلولدا حکومەتی عێراق هەڵمەتێکی دەسگیرکردنی ئەندامە ناسراوەکانی پارتی دەست پێکرد چەندین کەس دەستگیرکران. (٩)کەس لەوانە رەوانەی کەرکوک کران، کە بریتی بوون لە (فازڵ مەلا برایم، کامیل سابیر ، حسێن وەستا ئەحمەد ، سەڵاح عەلی میرئاخور، سلمان قادر میرئاخور، مستەفا ئەحمەد قەرەداغی، دەروێش ئەفەندی، محەمەد مەحمود عەتار، کەسێکی تر) نزیکەی ساڵێک شەش مانگ بەند بوون ، دوای کودەتاکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ بەر لێبوردن کەوتن و ئازادکران[77].

**٢-شۆڕشی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١**

دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١ سوپای عێراق پەلاماری هێزی خۆپیشاندەرانی لە دەربەندیخان و دەربەندی بازیان دا، شکست و نوشستیەک هاتە کایەوە، هێزی چەکدار نەما و بڵاوەی لێکردبوو، بەڵام دوای ماوەیەک مەفرەزەی چەکداری پێشمەرگە لە بناری شاخی بەمۆ پێکهات[78]. ژمارەیەک ئەندامی چالاک و لێهاتوو وەک یەکەم مەفرەزەی چەکداری شۆڕش چوونە شاخ و لە دەربەندی بێلولە و دواتریش لە سەرتەکی بەمۆ جێگیر بوون، ئەوانە بەنهێنی کار و پەیوەندیەکانیان ڕێکخستووە، لەلایەن ڕێکخستنەکان و لایەنگرانی شۆڕش هاوکاری تەواو کرابوون. لەسەرەتاوە کەم بوون، بەڵام ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەیان روو لە زیاد بوون چووە، چونکە حکومەت لە شارەکاندا بەدوای ڕێکخستنەکاندا گەڕاوە بۆ ئەوەی دەستگیریان بکات، ئەم فشار و گوشارانە وای کردبوو ڕێکخستنەکان شار بەجێبهێڵن و روو لە شاخ و پێشمەرگایەتی بکەن[79].

لە کۆتایی ساڵی ١٩٦١ ئەو هێزەی کە لە بناری چیای بەمۆ هەبوون، جاربەجار لە رووباری سیروان بۆ سنوری ناوچەی کفری دەپەڕینەوە، ئەمەش کاریگەری لەسەر گەشەکردنی ڕێکخستنەکانی پارتی لە شاردا هەبوو[80]. ئەو پێشمەرگانە بە چەک و فیشەکی خۆیان بوونە پێشمەرگە، پیتاک و کۆمەک و یارمەتیان لە ڕێکخستنەکانەوە بۆ چووە، بژێوویان لەسەر دانیشتوانی گوندەکان بووە، بە گوندەکاندا جەولەیان کردووە و هوشیاری نەتەوەییان بڵاوکردووەتەوە[81] . سەرەتا هەر کەسێکی گوندنشین چەکی هەبوایە مەفرەزەی پێشمەرگە داوایان لێکردووە چەکەکەی بە شۆڕش بدات یاخود خۆی بەچەکی خۆی ببێتە پێشمەرگە، چەندین کەس خاوەن چەک بوونە پێشمەرگە لەوانە: ئەحمەد کاکە برا و جەلال ئەحمەد برایم ...هتد، ئەوەی چەکی بە شۆڕش بدایە پسوولەیەکی پێدەدرا، بەو مەبەسر و نیەتەی کە کاتێک شۆڕش سەرکەوت قەرەبووی دەکرێتەوە[82].

حیلمی عەلی شەریف لێپرسراوی ئەو هێزە بوو کە لە ناوچەی هۆرێن و شێخان لە شاخی بەمۆ خۆیان گرتبووەوە، نزیکەی (٣٠) چەکدار دەبوون[83]. لە دەربەندی بێلولە چەند چالاکیەکیان ئەنجامدا، حیلمی عەلی شەریف لەرۆژی ٣ تشرینی یەکەمی ١٩٦١ نامەی بۆ ڕێکخستنەکان نارد، بۆ ئەوەی وەکو پێشمەرگە لە شۆڕش بەشدار بن، دەستبەجێ عەزیز حەمەی خەنان و دواتریش حەمەی وەلی و حسێن حاجی محێدین(١٩٢٦-١٩٩٣) و عەلی سەلیم بەگی جاف(١٩١٧ -١٩٨٩) و رەشید قادر جاف(١٩٣٢-٢٠١٠)

و ڕەزای قادر جاف(١٩٣٠-١٩٦٥) و مەحمود ڕەزا بەگی جاف و مەلا عەبدولحەمید وەلی و مەحمود سۆفی و محەمەد سۆفی چەکی پێشمەرگایەتیان لە شان کرد[84].

لە ساڵی ١٩٦٢ بوونی هێزی پێشمەرگە و چالاکیە چەکدارییە نهێنیەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دەوروبەری شاری کفری هەستی پێ دەکرا، بەڵام ئەوەندە بەهێز و کاریگەر نەبوو، سیاسەتی چەوت و توندوتیژی دەسەڵاتدارانی حکومەتی عێراق بەرانبەر بەدانیشتوان لە ناوچەکەدا هۆکاری گەشەکردنی هێزی پێشمەرگە بوو[85].

لە هەمان ساڵدا خەڵکی ناوچەکە ژمارەیەکی دیکەیان لە قەرەداغ و چەمی ڕێزان و گەرمیان چەکی پێشمەرگایەتیان لەشان کردووە، لەوانە شێخ کەریمی قەڵاگە، عەزیز سلێمان (عەزیز حەوە)، حەسەن حاجی مەحمود، خەلیل قادر مستەفا، ... هتد[86].

لە ساڵی ١٩٦٢ لە چەمی ڕێزانەوە بە قەرەداغدا دوو کادێر بە ناوەکانی (عەبدوڵلای بابا عەلی ناسراو بە(نالە) و یاسین حاجی شەریف ناسراو بە(دکتۆر عەبدولڕەحمان)) بۆ ڕێکخستنەوەی ناوچەی کفری پارتی دیموکراتی کوردستان گەیشتنە گوندەکانی سنوری قەزای کفری ، بەهۆی دووری ئەشکەوتی چەمی ڕێزان و بارەگای قەرەداغەوە پێشمەرگەکانی سنوری کفری زۆرتر پەیوەندیان بەبارەگای بێلولەوە کردووە، لەهاوینی ١٩٦٢ لە گوندی بنەبەراز[87] یەکەم (بنکە)[88]ی شۆڕشی ئەیلول لە سنورەکە کرایەوە، عەلی سەلیم بەگ لێپرسراوی پێشمەرگە و بنکەکە بوو[89].

جگە لەو ناوانەی کە پێشتر ناویان هاتبوو دەرفەت ڕەخسا ژمارەیەکی زۆرتر پەیوەندیی بەهێزی پێشمەرگەوە بکەن، لەوانە: (کاکەی میللەت، فەریق نامیق، عەریف عەبود نامیق برزۆ(١٩٤٢-١٩٦٣)، حەسیب خەسرەو، عەلی کەریم بایز، سابیر کوێخا محەمەد شمشێرکوڵ، حەمید محەمەد قادر گوڵ کوت، حەمە سەنگەری، حەمید گەرمیانی، وەلی عەزیز، مەجید عەبدوڵلا رەمەزان، عەبە ئامە، تاریق ئەحمەد، حەمە ساڵح دەلۆی، مەلا ئەحمەد مەقەسچی، مەلا عەبدوڵلا قادر، عەلی عەبدولڕەحمان دەشە، ئەوڕەحمان زەلکە، عومەر سەید مەحمود، حەسەن کوێخا محەمەد، خەلیل قادر مستەفا، یوسف عەزیز گڵاباتی، خەلیفە عەزیز گڵاڵی، بەهجەت حکمەت، مەجید حەمید تەپەچەرموو، فائق عوبێد، عەریف کازم، جەلال یایە، هیدایت قاسم، محەمەد مستەفا کەرکوژ، شێخ ئەبوبەکر وەکو بەرگدروو، چەندانی تر) لە کۆتای ساڵی ١٩٦٢ و سەرەتای ساڵی ١٩٦٣ پەیوەندیان بەهێزی پێشمەرگەوە کردووە[90].

بنکەیەکی دیکە لە رۆژهەڵاتی کفری و نزیک گوندی (ناساڵەح) هەبووە، شوێنێکی سەخت و کانیاو و کەڵوەز و ناو شاخ و قەمە تاوێرەکان بووە، وەکو جێگایەکی شیاو بۆ حەشارگەی پێشمەرگە سوودی لێوەرگیراوە، کە زۆر جار لە بەر سەختی شوێنەکە ڕێکخستەکانی ناوشار و پێشمەرگەی بەیەکتر گەیاندووە، بۆ گەیاندنی زانیاری و کۆمەک بە پێشمەرگە، کە زۆر جار حسێن عەلی باوش و حەسەن حسێن عەباس ئەڵەجە و نوری ئەحمەد تورک (نورە گۆرخە) چەند کەسانێکی تر لە ڕێکخستنەکان لە شارەوە کۆمەکیان بە پێشمەرگە گەیاندووە[91]، بەڵام ئەم بنکەیە فەرمی نەبووە بەناوی بنکەی شاموراد ناوی دەرکردبوو، لە قۆناغە بەرایەکانی شۆڕشی ئەیلولدا گرنگی خۆی هەبووە، شوێنی کۆبوونەوەی کاتی پێشمەرگە و هێزی میللی بووە، بۆ وەرگرتنی ڕێنمای بە ئامێری بێتەل پەیوەندیان بە بنکەی بنەبەرازەوە کرووە[92].

**تەوەری دووەم: آ-چالاکییە سەربازییەکان**

لە هاوینی ١٩٦٢ هێزی قەرەداغ بەسەرپەرشتی شیخ محەمەد شێخ عەبدولکەریم دروستکرا، لە مانگی ١١ ی هەمان ساڵدا ژمارەیان زیادی کرد و بۆ دوو کەرت کە بریتی بوو لە کەرتەکانی (٣ و ٤) دابەشکران، کەرتی (٣) لە سلێمانی بەرەو شەقامی کەرکوک و دەستە راستی رووباری سیروان و شارەکانی(قەرەداغ، کفری، دووزخورماتوو، سەنگاو، قادرکەرەم،... هتد) سنوری چالاکییان بووە، کەرتی (٤) ناوچەی هەڵەبجە و خانەقین دەستەچەپی رووباری سیروان سنوریان بووە، هێزی قەرەداغ (هەردوو کەرتەکە) لەلایەن (کەمال موفتی)یەوە سەرپەرشتی کراوە، هەریەک لە (شیخ محەمەد شێخ عەبدولکەریم و مولازم نەوشێروان) لێپرسراوی سەربازی بوون، وێڕای ئەوەش چەندین کادێری سیاسی لەناو هێزەکەدا کاروباری هێزەکەیان بەڕێوەبردووە[93].

له هاوینی ١٩٦٢ هێزێکی هاوبەشی کەرکوک و کفری ودوز بۆ یەکەمجار و بۆ ماوەیەک دەستیان بەسەر دامەزراوە نەوتیەکان نەوتی(جمبور- زەمبور)دا گرت[94].

هێزێکی هاوبەشی کەرکوک وقەرەداغ و چەمچەماڵ کفری ودوز بە سەربەرشتی (کەمال موفتی) لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٢ دەستیان بەسەر وێستگەی شەمەندەفەری نێوان کەرکوک و بەغدادا لە سلێمان بەگ گرت، لە کاتی گەیشتنی شەمەندەفەرەکە توانیان کۆنترۆڵی بکەن و ژمارەیەک ئەفسەری پۆلیس و سوپا بە دیل بگرن و دواتر ئازاد کران[95].

ئەم نەبەردیە سەدایەکی گەورەی لە ناوچەکە و عێراق دایەوە، چونکە ژمارەیەکی زۆر دیل دەستگیر کران، ژمارەیان (٣٧٥) دیل بوون لەگەڵ چەندین پارچە چەکی جۆراوجۆر کە لەو سەردەمەدا بۆ شۆڕش گرنگی خۆی هەبوو[96].

یەکەم چالاکی پێشمەرگە لە ناو شاری کفریدا لەلایەن مەفرەزەیەکی پێشمەرگەوە بە فەرماندەی بەهجەت یەحیا لە ساڵی ١٩٦٢ بۆ سزادانی ئەوانەی بەرانبەر کورد خراپەکار بوون ئەنجامدراوە ، تاکو خەڵکی دیکە تەمێ بێن، لەو چالاکییەدا پۆلیسێک کە ناوی (شەوکەت) بوو لە هۆزی بەیات کوژرا و نەعمان حەلیمە کوردە بریندار کرا، ئەمەش بووە دەستپێک بۆ نواندنی دیکە، حەسیب خەسرەو بێگوێدانە سەرووی خۆی لەناو شاردا بەردەوام بەگژ نەیارانی کوردا چووەتەوە[97].

**ب- کێشە و ئاڵۆزیەکانی نێوان تورکمان و پارتی و شیوعی**

لەپاش شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ ڕێکخستنەکانی هەردوو حیزب (شیوعی و پارتی) بەئاشکرا چالاکیان ئەنجام داوە، هەر یەک بەجیا بارەگای بۆ ڕێکخستنەکانیان (قوتابیان و لاوان و ئافرەتان) کردەووە، زۆر جار کێشە لە نێوان شیوعی و پارتی لە کفری دروست بوو، بەڵام نەدەگەیشتە ئاستی کوشتن[98].

لە پایزی ١٩٥٨ لەنێو قوتابیانی قوتابخانەی ناوەندی کفری کێشە و ناکۆکی دروست بووە، کورد و تورکمان بوونە دوو بەرەی دژ بە یەک پەلاماری یەکتریان داوە، لەلایەکی ترەوە (ئەحمەد حاجی سەمین و کەریم ئەبو شوارب لە بەرەی کورد لەگەڵ عومەر یەحیا و کەریم مەحمود پاساری لە بەرەی تورکمان) بەشەرهاتن، هەردوولا برینداریان هەبوو، رەئیس عورەفای پۆلیس (حەمەشێت) بریندارەکانی گەیاندە نەخۆشخانە، لەئاکامدا خۆپیشاندانی کورد دژ بە توکمانی لێکەوتەوە، تەنانەت چوونە ناو سەرای کفریەوە (چونکە بەڕێوەبەری پۆلیس تورکمان بوو) و ئالای عێراقیان هێنایە خوارەوە، ئەمەش کاریگەری شەڕی نێوان ئەو دوو نەتەوە لە کەرکوک بوو[99]. لەلایەکی دیکەوە شیوعیەکان ئاگری شەڕەکەیان خۆش کردووە، بۆیە دەبینین لە ساڵی ١٩٦٠ تورکمانەکان لە ڕێگای دادگای عورفی کەرکوکەوە توانیان جارێکی دیکە دۆسیەی ئەو شەڕانە بجوڵێنن جەندین ئەندامی حیزبی شیوعی لەسەر کێشەی بازاڕی کفری بە سزای جیاواز لە حوزەیرانی ١٩٦٠ سزا دران لەوانە: (ڕەشید کازم، حسێن حاجی سەمین، حەبیب محەمەد ئەمین، محەمەد سەعید محەمەد حەبیب،سەعید جەعفەر، جەمال محەمەد عەلی، جەلیل خەلیل، فازل محەمەد حەبیب، هەروەها شێخ عەتا و مەلا عەزیز و قادر حاجی عەلی) بە دووساڵ حوکمدران بەڵام دواتر حوکمەکەیان بۆ سوککرا [100].

لەساڵی ١٩٥٩ شەڕ لە نێوان ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعی و ڕێکخستنەکانی پارتی ڕوویدا، شەڕەکە لەنێوان وەستا نوری و عەبدوڵڵای وەستا عەلی کێشەکە چووە دادگای کفری لەوێ دۆسیەکە داخرا[101]. لەهەمان ساڵدا لە کفری ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعی بەرنامەی یادکردنەوەی جەژنی نەورۆزیان هەبوو، ڕێکخستنەکانی پارتی پێشگیریان لێکردن چوونکە یادەکە مۆرکی نەتەوەی پێوە بوو، لە ئەنجامدا بە هاوبەشی یادەکەیان کردەووە ووتاری پارتی تێیدا خوێندرایەوە[102]. سەرەتا ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعی بەهێز بوو، بەڵام پاشتر ڕێکخستنەکانی پارتی بەهێزبوون، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ دیدگای کوردایەتی، چونکە خەڵکی زیاتر مەیلیان بەلای نەتەوەخوازیەوە بوو نەک چینایەتی[103].

وەک مەسعود بارزانی لە بەڵگەنامەیەکی کتێبی بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد (١٩٥٨ -١٩٦١)دا باس لەوە دەکات لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٥٩ ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی شیوعی لە کفری و کەلار هێرشیان کردووەتە سەر ئەندامان و لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەدروشمی نەشیاو، تەنانەت بە چەک تەقەیان کردووە و خەڵکیان بریندار کردووە،

بەتایبەت لەکەلار ئاڵۆزیەکان بەڕادەیەک بوو کارگەیشتە ئەوەی کچ و ژنیش بریندار کران، شایانی باسە ئەو بەڵگەنامەیە بە واژۆی عەلی سەلیم و محەمەد قادر ئەمین کە هەردووکیان خەڵکی کەلاربوون، ڕەوانەی سەرکردایەتی کراوە[104].

لە سەردەمی پاشایەتی دواتریش لە سەردەمی کۆماریدا دەسەڵاتدارانی شار بەڕێنمایی حکومەتی ناوەندی توندوتیژ بوون بەرامبەر بەوانەی ملیان نەداوە بەخواست داواکانی میری ژمارەیەکی زۆر لەوانەی لایەنگرانی بیری نەتەوەی و دیموکراسی بوون ئەو سەردەمە پارتی دیموکراتی کوردستان رابەرایەتی بیری نەتەوەی کردووە، حیزبی شیوعی رابەری هزری چەپ بوو، ئەندامەکانیان دووچار گرتن و زیندانی و دورخرانەوە بۆ باشووری عێراق بوون، بەڵام ئەوانەی تێکەڵ بەسیاسەت نەدەبوون لە گێچەڵی دەسەڵات دووربوون[105].

سەبارەت بە ڕاگواستن و بە عەرەبکردن لەسەرەتای ساڵانی پەنجاکانی سەدەی بیست ناحیەی قەرەتەپەی سەر بە قەزای کفری کرا، بە دوو بەشەوە، بەشێکیان (٤٥) گوند بوو، لە ناحیەکە دابڕان و خرانە سەر لیوای بەعقوبە لەگەڵ چەند گوندێکی سەر بە قەزای خانەقین ناحیەی جەلەولا(قەرەخان)یان لێدروستکرد[106]. پرۆسەی سیاسەتی تەعریبکردن لەسنوری کفری دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی١٩٦٢ بەپێی فەرمانی کۆماری ژمارە (٤٨٩) لە ١٩٦٢/٩/٢٧ ئەو فەرمانە (٩) گوندی هۆزی پاڵانی لە ناحیەی قەرەتەپەی سەر بەقەزای کفریەوە بۆ ناحیەی جەلەولای سەر بە قەزای خانەقین گوایزرایەوە، کاربەدەستانی حکومەتی عێراقی سەردانی ئەو گوندانەیان کرد و بە زۆرەملێ یاداشتێکیان پێیان واژو کرد، بەمەبەستی ئەوەی گوایە خەڵکی ناوچەکە دەیانەوێت بگوازنەوە بۆ سەر پارێزگایەکی تر و قەزا و ناحیەیەکی تر، ئەو خەڵکانەی ئەو یاداشتەشیان واژوو نەکردایە هەر ئەگوێزرایەوە، بەڵام قەرەبوو نەدەکرانەوە کە بڕی قەرەبوو کردنەکە لەنێوان (٣٠٠-٦٠٠) دیناری عێراقی بوو، ئەو گوندانەی کەوتبوونە باکوری ناحیەیەی قەرەتەپەوە کورد نشینبوون بەشی باشوورەکەی عەرەب نشین بوون، حکومەتی عێراق لە پارێزگای کەرکوک و قەزای کفری مەبەستی کەمکردنەوەی کورد بوو[107].

**ئەنجام**

لەپاش خوێندنەوەی سەرچاوەکان و چاوپێکەوتنەکان بۆ توێژینەوەی بابەتێکی مێژووی لە ناوچەی کفری لەقۆناغێکی دیاریکراودا کە بەسەردەمی گۆڕانکاییەکان دەناسرێت، لە ئاکامدا ئەم دەرئەنجامانەی لای خوارەوە لەلام گلاڵە بوون:

١-قەزای کفری بەگشتی و ناو شارەکە بەتایبەتی هەرچەندە لە رووی پێکهاتەی ئەتنی و ئاینزاییەوە جیاوازە، بەڵام ناوچەی ململانێی پارتایەتی و گەشەکردنی هزری سیاسی بووە، بەشێک لەو پارتە سیاسیانەی کە ئامانجی نەتەوایەتی و چینایەتیان هەبووە، لە ناوچەکەدا زەمینەی کارکردنیان بۆ فەراهەم بووە.

٢-زۆر کەسایەتی سیاسی لەم ناوچە دەرکەوتوون، لە چەند پۆستی باڵا لەسەردەمی پاشایەتی کاریان کردووە، ئەمەش هێمایەکە بۆ زیندووی خەڵکی ئەم شارە. هاوکات کاراکتەرەکانی لە شوێن وکایە جیاوازەکاندا ئامادەگیان هەبووە.

٣- گرێدانی خەباتی شار بە گوندەکانەوە و دواتریش بەشاخەوە پرنسیپی نەپچڕان و بەرداوامی خەباتی خەڵکی ناوچەکە بووە، وەک دیفاکتۆیەک ڕێڕەوی تێکۆشانی قۆناغەکانیان گرتووەتەبەر، ئەمەش بۆ تێکۆشەرانی ناوچەکە بووتە سیمبولی کۆڵنەدان.

٤-سیستەمی کۆماری لەسەرەتاوە دەروازەی بەرووی کاروچالاکی سیاسی و خەباتی رێکخراوەیدا ئاواڵە کردووە، ئەمەش کاردانەوەی دروست بوونی بەرەی فیکری و جوشدانەوەی خەباتی نەتەوایەتی و چینایەتی دەستبەرکردووە، بۆیە هەندێک جار زۆرانبازی و ململانێکان لە ناو شار و دەرەی شار گەیشتووەتە ئاستی پێکداهەڵپژان و رووبەروو بوونەوەی توندی لێکەوتووەتەوە.

٥-گیانفیدای کەسە کوردپەروەرەکان کەم وێنە بووە، لە شۆڕشی ئەیلولدا بەئیرداەیەکی پۆڵاینەوە مەحاڵیان کردووەتە حاڵ و خۆیان زەخیرەی شۆڕش بوونە. بارتەقای ناوچەکانی تری کوردستان پشوودرێژانە بەسەر کەندوکۆسپ وتەگەرەکاندا زاڵبوونە.

٦- دەسەڵاتی ناوەندی بەهەموو شێوازەکانی زەبروزەنگ و داپڵۆسین کاری بۆ کپ و بێدەنگ کردنی سەدای ئازادیخوازانەی خەڵکی ناوچەکە کردووە، بەشێکی زۆری ئازادیخوازانی لە زیندانەکان ئاخنیوە و بەشێکی تری راپێچی باشور کردووە، یان ناچاری کردوون شار بەجێبهێڵن.

٧-سیاسەتی راگواێزان و بەعەرەبکردن یەکەمجار لەسەردەمی قاسمەوە لە گوندەکانی قەزای کفریەوە دەستی پێکردووە، دواتر هەڵمەتەکە لەکوردستان گشتگیرو فراوانتر بووە.

ملخص البحث

منطقة كفري بين (١٩٤٥-١٩٦٣)

تحليل تاريخي

د. حسين اسماعيل خان الدلوي

المقدمة

استمرت الحياة على مر التأريخ في منطقة كفري ما جعلها ان تكون محطة مهمة في الاحداث السياسية، حري بنا ان نقول بان المنطقة هذه كانت مركزا للصراعات السياسية منذ العهد العثماني وحتى اندلاع الحرب العالمية الاولى ومجي الانكليز الى المنطقة وكذلك بقت هذه المنطقة ساحة للصراعات السياسية منذ نأسيس الدولة العراقية عام ١٩٢١ وحتى عام ١٩٤٥ حيث يبدأ موضوعة البحث.

يبدأ موضوع هذا التحليل من ١٩٤٥ وينتهي في ١٩٦٣ حيث انها مرحلة حساسة تبدأ بعدما وضعت الحرب العالمية الثانية اوزارها في ١٩٤٥ وحتى عام ١٩٦٣ حيث يمر العراق عبر مرحلتين حساسيتين، مرحلة وجود الملكية ثم سقوطها في ١٩٥٨ وانبثاق العهد الجمهوري بعد مباشرة.

ففي فترة مابعد ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ شهدت كوردستان بشكل عام ومنطقة كفري على وجه الخصوص تشكيل وتنشيط مجموعة من المنضمات والاحزاب السياسية وعدد من الاحداث السياسية.

تكمن اهمية هذه الدراسة في اهمية كفري كمركز قضاء هام في لواء كركوك وما تعرض من محاولات طمس الهوية الكوردية وتغيير الطابع الديموغرافي للمنطقة وان هذه النتطقة لم يقدم احدا مبحثا تحليليا عنها قبلئذ.

هدف التحليل هو تقديم مبحث علمي اكاديمي للاحداث السياسية في منطقة كفري على قاعدة المنهج التاريخي لتلك المرحلة حيث يعتبر منطلقا لابحاث وتحاليل اكثر تفصيلا و دقة ويسلط الضوء على تلك المنطقة وفق المراحل التي مرت بها.

في كتابة هذا التحليل استندت الى نظرية التحليل العلمي والتاريخي من منطلق التحليل المعلوماتي الوارد في المصادر التاريخية يحتوي المبحث على مقدمة وبابين وكل باب يحتوي على مجموعة من الاقسام المختلفة وكل ذلك ينقسم على مرحلتين اساسيتين، فترة انتهاء الحرب العالمية الثانية حتى سقوط الملكية والقسم الثاني فيتناول مرحلة انبثاق الجمهورية حتى انتهاء الحكم القاسمي بعد انقلاب ٨ شباط ١٩٦٣البعثيين زمام السلطة في العراق، يمر البحث عبر فترة ما بعد ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ وتطور المنظمات والاحزاب السياسية في المنطقة وكذلك انطلاق ثورة التاسع من ايلول عام ١٩٦١والمناوشات التي حدثت بين قوات الثورة والقوات العراقية في الختام يجد القارئ فهرسا للمصادر المستخدمة في البحث، املا على اني اسديت خدمة وملأت فراغا في جزء من تاريخ المنطقة.

**پەراوێز و سەرچاوەکان**


**(١)**مستەفا مال الله خەڵەف لە سەردەمی عوسمانییەکان فەرمانبەری گومرک (ڕێژی) بووە، ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە پاشتر ڕێچکەی شۆڤێنیان گرتووەتەبەر. گۆران ئیبراهیم ساڵح، کەرکوک لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمنیدا ، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ١٣٧ .

**(٢)**مستەفا نەریمان، بیرەوەرییەکانی ژیانم، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٩٤،ل١٥.

**(٣)**مستەفا نەریمان، هەڵگری ئالآی تێکۆشانی سیاسی حەمە بەگی جاف(١٩٠٤-١٩٣٤)، رەنگین (گۆڤار)، ژ(٦٢) ساڵی١٩٩٤، ل١٨. سمکۆ بەهرۆز(ئەژی)، مێژووی ئەو کۆمەڵە و ڕێکخراو و حیزبانەی لە ناوچەی کەرکوک دا سەریان هەڵداوە،چاپخانەی بینای، کەرکوک، ٢٠٠٦، ل ٦-٧. موکەڕەم تاڵەبانی، کەی هۆهۆ دەگڕێتەوە زەرداو؟، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر،٢٠٠٦، ل٥٤.

**(٤)**ئەحمەد باوەڕ، کورتەیەک سەبارەت بەگەشەکردن و سەرهەڵدانی رۆژنامەوانی کوردی لە گەرمیان ١٩٤٠ -١٩٧٠، کەرکوک(گۆڤار)، ژمارە(٥)، ساڵی دووەم، هاوینی ٢٠٠٠،ل٢١٦.

**(٥)**حسێن ئیسماعیل خان دەلۆ، ناوچەی کفری لە نێوان ساڵانی (١٩١٤ – ١٩٤٥)، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٤، ل١٤٤-١٤٧.

(٦) المملكة العراقية، وزارة الشؤون الأجتماعية، مديرية النفوس العامة، احصاء السكان لسنة 1947، ج2، لواء الموصل – لواء كركوك -لواء السليمانية – لواء اربيل، بغداد، 1954.

(٧) فوئاد حەمە خورشید، کەرکوک لە بەڵگەنامەکاندا، ل ل ٣٥، ٤٠، ١٥٢. محەمەد سەعید سۆفی، پارێزگای کەرکوک لە ناو پاکتاوکردنی رەگەزییدا، چاپخانەی بەرهەم، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٤١.

(٨) د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد، ب٢، ئامادەکردنی ؛ عەبدوڵلا زەنگەنە، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١، ل ٣٨١.

(٩)صلاح الدين عبدالحميد عبدالله، شاری کفری لە تەرازووی ڕەسەنایەتی و شارستانییەتیدا، چاپخانەی رەهەند، سلێمانی،٢٠٠٩، ل ٥٤-٥٥ .

(١٠) هلبين محمد امين مزوري، حزب هيوا – الأمل- (1939-1946)، مطبعة حاجي هاشم، أربيل، 2008، ل١٩٥ .

(١١) د. عبدالستار طاهر شريف، الجمعيات والمنظمات والأحزاب الكردية في نصف قرن 1908-1958، من منشورات سردم للطباعة والنشر، ط2، سليمانية، 2007، ص 162 . هادي حسن عليوي، الأحزاب السياسية في العراق السرية و العلنية، رياض الريس للكتب و النشر، بيروت، لبنان، 2001، ص 138 .

(١٢)ساڵەح حەیدەری، رزگاری چۆن چاپ کرا، پاشکۆی عێراق(رۆژنامە)،ژ(١٤)، ٢١ی نیسانی ١٩٧٨.

(١٣)محەمەد شاکەلی، گەرمیان رابردووی نزیک و ئایندە، چاپخانەی کارۆ، کەرکوک، ٢٠٠٣، ل٦٢.

(١٤)صلاح الدين عبدالحميد عبدالله، س .پ، ل ٥٤-٥٥ .

(١٥) حسێن ئیسماعیل خان دەلۆ، س . پ، ل١٥٦-١٥٧.

(١٦)د. کەمال مەزهەرئەحمەد، س.پ، ل٣٨٤.

(١٧)بڕوانە پاشکۆی ژمارە(١) .

(١٨) صلاح الدين عبدالحميد عبدالله، س پ، ل٥٧.

(١٩) محەمەد شاکەلی، گەرمیان رابردووی ...، ل٦٢.

(٢٠) محەمەد فاتح، حزب و ڕێکخراوە سیاسیە عێراقیەکان، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی ٢٠٠٢، ل١٠٥.

(٢١) **سالار مەحمود**، حزبی هیوا، دەروازەی ئینشیقاق لە حزبی کوردیدا، 810http://www.diplomaticmagazine.net/politics/

(٢٢) جەلال تاڵەبانی، کوردستان و بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد، و: ح –ا، سلێمانی، ٢٠١١، ل١٢٨-١٢٩.

(٢٣) هادي حسن عليوي، الأحزاب السياسية في العراق السرية و العلنية، رياض الريس للكتب و النشر، بيروت، لبنان، 2001، ص139 .

(٢٤) محەمەد ظاظا، عێراق توێژینەوەیەک لە مێژووی سیاسیەکەی پارت و رێکخستنەکان لە ١٩٠٨ – ٢٠٠٥، و: ئامانج نیعمەت، خانەی چاپ وبڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١١، ل٧٠.

(٢٥) سوهیل خورشید عزیز، مێژووی ناوچەی گەرمیان چینە کۆمەڵایەتی و رێکخراوە سیاسییەکانی نێوان ساڵانی (١٨٧٠ – ١٩٧٠)، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١٥، ل١٤٠-١٤١.

(٢٦) شيخ عطا طالباني، ذكريات ايام النضال في كوردستان، مطبعة تارا، سليمانية، ٢٠١٠، ص ٣٧.

(٢٧) سوهیل خورشید عزیز، س . پ، ل١٤٢-١٤٣.

(٢٨)محەمەد شاکەلی، گەرمیان رابردووی ...، ل٩٤.

(٢٩) محەمەد شاکەلی، قەزای کفری . شارەدێی کەلار لە پەنجاکاندا و پاسەکەی حاجی حەسەن(١٩٦١ – ١٩٧٥)، چاپخانەی کارۆ، کەرکوک، ٢٠١٢، ل٨٠ -٨١.

(٣٠) سوهیل خورشید عزیز، س . پ، ل١٤٥.

(٣١) ئیبراهیم ئەحمەد لە ساڵی ١٩١٤ لە سلێمانی لە دایک بووە، کۆلیجی ماف(حقوق) لە ساڵی ١٩٣٧ لە بە غدا تەواو کردووە، ماوەیەک لە شارەکانی هەڵەبجە و هەولێر حاکم بووە لەبەر هەندێ تەنگ و چەڵەمە کە خراوەتە بەر گۆڤاری (گەلاوێژ) وازی لە فەرمانبەری میری هێناوە، لە گەڵ مامۆستا عەلائەدین سەجادی (١٠ ساڵ) بە گۆڤاری گەلاوێژەوە سەرقاڵ بووە، ئەندامێکی دیاری دپارتی هیواو سەرۆکی لقی کوردستانی عێراق رێکخراوی (ژ.ک) بووە لە کۆتایی چلەکان چووەتە ریزی پارتی دیموکراتی کوردەووە ماوەیەکیش سکرتێری مەکتەبی سیاسی بووە، لەهەمان کاتدا خاوەن ئیمتیازی رۆژنامەی (خەبات) بووە خاوەنی گەلێک نوسین و بابەتی هەمەجۆرە، لەتەمەنی ٨٦ ساڵیدا لە نیسانی ساڵی ٢٠٠٠ کۆچی دوایی کرد . جەمال بابان، اعلام کرد العراق، السليمانيه، ٢٠٠٦، ص ٨-١٠ .

(٣٢) مستەفا نەریمان، س .پ ، ل ٩١-٩٢.

(٣٣)لە رۆژانی ١٣ و ١٤ ی ئاداری ١٩٥٠ دووەم کۆنگرەی پارتی لە ماڵی عەلی حەمدی لە شاری بەغدا بەسترا، تەنها (٣٠) ئەندام تێیدا بەشدار بوون، نوێنەرانی لق و لێژنە ناوخوییەکانی شارەکانی سلێمانی و هەولێر و بەغدا بوون.مەهدی محەمەد قادر، پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق ١٩٤٥ – ١٩٥٨، سەنتەری توێژینەوەی ستراتیجی ی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل١٢٨. هەرچەندە مستەفا نەریمان لە بیرەوەریەکانی ژیانیدا باس لەوە دەکات لە شەوی ١٦ی ئابی ١٩٤٦ یەکەم کۆنگرەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ماڵی عەلی حەمدی لە بەغدای پایتەخت کرا، لە لاەرەی (١٢٠) بیرەورەیەکانی ژیانم مستەفا نەریمان باسی لەوە کردووە، بەدوادا چوونی کردووە سوورە لەسەر ئەوەی کە یەکەم کۆنگرە لە ماڵی عەلی حەمدی لە گەڕەکی (بارووديە)بووە، بەڵام زۆربەی سەرچاوەکانی دیکە کۆکن لەسەر ئەوەی دووەم کۆنگرە لە ماڵی نابراو ئەنجامدراوە . مستەفا نەریمان، س.پ، ل ل٩٢، ١٢٠.

(٣٤) مەلا سەید حەکیم خانەقینی کوڕی مەلا سەید محەمەدی کوڕی عەبدولڕەحمانی کوڕی عەبدولسەمەدی، ساڵی ١٨٩٢ لە گوندی (هویە)ی سەر بە شاری سنە لە دایک بووە خوێندنی حوجرە و ناوەندی ئاینی ئیجازەی مەلایی لە لای مەلای گچکەی هەولێر وەرگرتووە، ساڵی ١٩٣٦ مامۆستای مزگەوتی (مەحمود پاشای جاف) لە قزرەبات بووە، دواتر چووەتە خانەقین و ماوەیەکیش ئیمامی مزگەوتی (حسێن پاشا) بووە، لە حەیدەرخانەی شاری بەغدا لە سەرەتای دامەزراندی پارتی هیواوە پەیوەندی بەڕێکخستنەکانیەوە کردووە، دوای هەڵوەشاندنەوەی چووەتە ریزی (حیزبی رزگاری کوردستان)ەوە، یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦ دا . لە بەغدا و لە ١٩٥٧/٩/١٥ دا لە خانەقین کۆچی دوایی کردووە، لە گۆڕستانی (پاشا کۆپری) ئەسپەردەی خاک کراوە. بروانە ؛ ئەحمەد محەمەد ناسر باوەڕ، دۆزی کورد لە پەیوەندیەکانی عێراق- ئێران(١٩٣٧-١٩٤٧)، سەنتەری توێژینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠١٠، ل١٦٥-١٦٦.

(٣٥) محەمەد فاتح، حزب و رێکخراوە سیاسیە عێراقیەکان، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل١٠٦. محەمەد مەلا قادر، خەباتنامە، چاپخانەی خەبات، دهۆک، ل٤٦.

(٣٦)مستەفا نەریمان، س.پ، ل٩٣ .

(٣٧) سوهیل خورشید عزیز، س .پ، ل١٦٤-١٦٥.

(٣٨)مستەفا نەریمان، س.پ، ل١١٥.

(٣٩) محەمەد شاکەلی، قەزای کفری . شارەدێی کەلار ...، ل٨٠ .

(٤٠) هەمان . س. پ،ل ٧٨.

(٤١)عمر حاجی عەلی زەنگەنە، لەبیرم دێ ژانەکانی کورد و شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١، چاپخانەی ئارابخا، کەرکوک، ٢٠٠٨، ل ١٧.

(٤٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلال حوسێن ئەحمەد، لە رۆژی٢١/ 1/ ٢٠١٩ لە دایک بووی ساڵی١٩٣٨ کفری ئێستا لە هەولێر نیشتەجێە.

(٤٣)چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیسماعیل عەزیز خان دەلۆلە رۆژی ٢٦ /١/ ٢٠١٦ لە دایک بووی ١٩٣٧کفری .

(٤٤) مستەفا نەریمان، ئەدیب و نووسەرانی کفری و دەوروپشتی، دار الثقافه و النشر الکردیه، بغداد، ٢٠٠٨، ل٢٩٠.

(٤٥) مستەفا نەریمان، شۆڕشی ئیبراهیم خانی دەلۆ١٩٢٠، دار الحرية للطباعة ،بغداد، 1985، ل ٥٨.

(٤٦) عبدالرزاق الحسني ، تاريخ الوزارات العراقية ، ج ١٠ ،ج٤، مطبعة دار الكتب ،١٩٧٨ ، ص١٦٦.

(٤٧) سوهیل خورشید عزیز، مێژووی ناوچەی کفری لە کۆنەوە تا ساڵی ١٩٥٨، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١٣، لل٦٦،٦٧ ، ٦٨.

(٤٨) عبدالرزاق الحسني ، تاريخ الوزارات العراقية ، ج ١٠ ،ج ٥، مطبعة دار الكتب، ١٩٧٨ ، ص ٣٢١، ٣٢٣.

(٤٩) محمد علي الصويركى، معجم اعلام الكرد في التاريخ الاسلامي و العصر الحديث في كوردستان و خارجها، مطبعة حمدي للطباعة و النشر، سليمانية، ٢٠٠٦، ص ٦٩٨.

(٥٠) د. نبيل عگيد محمود المظفري، محمود بابان حياته و دوره السياسى(١٩٢٠- ١٩٩٧) ، مجلة جامعة كركوك، ع(٢)، المجلد (٤)، السنة الرابعة ٢٠٠٩، ص ص ٩٨، ٩٩، ١٠٢.

(٥١) م . ن، ص ١٠٢.

(٥٢) مستەفا نەریمان، یانەی سەرکەوتنی کوردان(١٩٣٠ – ١٩٦٢)، ئا: ئازاد هیدایەت دەلۆ، چاپخانەی ئارابخا، کەرکوک، ٢٠٠٦، ل ل٦٢ ، ٧٨.

(٥٣) گۆڤارێکی ئەدەبی رۆشنبیری مانگانە بووە، لەلایەن یانەی سەرکەوتنی کوردانەوە لە بەغدا لە ساڵی ١٩٥٧ یەکەم ژمارەی لێدەرچووە، تاکو ساڵی ١٩٦٣ بەردەوام بووە. جمال خزنەدار، المرشد الصحافه الكردية، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٣، ص٦٣.

(٥٤)د. نبيل عگيد محمود المظفري،م.س، ص ١٠٢.

(٥٥) مستەفا نەریمان، بیرەوەرییەکانی ژیانم، ل٧٤ .

(٥٦) کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف، تاریخی جاف، توێژینەوەی د. حەسەن جاف، دار الكتب و الوثائق ، بەغدا، ١٩٩٥، ل١١٣ .

(٥٧) سهيل خورشيد عزيز، صفحات من تاريخ منطقة كفري ، مركز ( تةما )للطباعة والنشر ، السليمانية ، 2002، ص ٢٥.

(٥٨) رەفیق رەحمان مام خول، مستەفا بارزانی ژیان و رۆڵ و هەڵوێستی لە پێشهاتە سیاسیەکاندا، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٢، ل٦٠.

(٥٩) عبدالفتاح محمد علي يحيى البوتاني، وثائق عن حركة التحررية الكوردية، اربيل، ٢٠٠١، ص٦٧.

(٦٠) بڕوانە: پاشکۆی ژمارە(٢).

(٦١)عومەر شەریف کەریم، شەڕی قاتەکانی کفری، چاپخانەی کوردستان، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٢٧٣.

(٦٢)مستەفا نەریمان، س.پ، ل154.

(٦٣)چاوپێکەوتن لەگەڵ عەلی عەبدوڵلا کاکە ئەحمەد(مامۆستا عەلی پەرلەمان) لە رۆژی ٢٢ / 1/ ٢٠١٩ لە دایک بووی ١٩٥٠ کفری، لە دەربەندیخان نیشتەجێیە.

(٦٤)سوهیل خورشید عزیز، مێژووی ناوچەی گەرمیان چینە ...، ل١٦٥. بڕوانە: پاشکۆی ژمارە(٣).

(٦٥)محەمەد شاکەلی، گەرمیان رابردووی ...، ل٩٣.

(٦٦) محەمەد ظاظا، عێراق توێژینەوەیەک لە مێژووی سیاسیەکەی پارت و رێکخستنەکان لە ١٩٠٨ – ٢٠٠٥، و: ئامانج نیعمەت، خانەی چاپ وبڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١١، ل٨٥.

(٦٧)سوهیل خورشید عزیز، مێژووی ناوچەی گەرمیان چینە ...، ل٢٠٤.

(٦٨)سابیرلە رۆژی٤/ ٢/ ٢٠١٩ لە دایک بووی ساڵی١٩٤٢ کفری ئێستا سلێمانی لەنیشتەجێە.

(٦٩)محەمەد شاکەلی، گەرمیان رابردووی ...، ل٩٠. سوهیل خورشید عزیز، مێژووی ناوچەی گەرمیان ...، ل١٦٥.

(٧٠)مستەفا نەریمان، س.پ، ل١٥٣ .

(٧١) الوقائع العراقية، ع: 283، 2 كانون الثاني 1960.

(٧٢)خەبات/النضال، ع: 167، 10شباط1960.

(٧٣)پارتی دیموکراتی کوردستان (مەکتەبی سیاسی – مەکتەبی ناوەندی دیراسات و توێژینەوە)، هەڵوێستی حیزبە سیاسیەکانی عێراق لەمەڕ کێشەی کورد ١٩٤٦ -١٩٧٠، ل ل ١١١-١١٣ .

(٧٤)سوهیل خورشید عزیز، مێژووی ناوچەی گەرمیان چینە ...، ل٢٠٤.

(٧٥)صلاح الدين عبدالحميد عبدالله، س . پ، ل٧٥ .

(٧٦) برایەتی (رۆژنامە)، ژ(١٦١٠)، ٣ی٤ی١٩٩٣. عومەر شەریف کەریم، س.پ، ل٣٣٦.

(٧٧)چاوپێکەوتن لەگەڵ کامیل سابیر لە رۆژی٤/ ٢/ ٢٠١٩ لە دایک بووی ساڵی١٩٤٢ کفری ئێستا سلێمانی نیشتەجێە.

(٧٨)محەمەد شاکەلی، گەرمیان رابردووی ...، ل٩١.

(٧٩)عومەر شەریف کەریم، س . پ، ل٩٤.

(٨٠)محەمەد شاکەلی، قەزای کفری . شارەدێی کەلار...، ل٢٠٠.

(٨١) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد فارس عەلی خان، لە رۆژی ١٣ / 1/ ٢٠١٩، لە دایک بووی ١٩٤٦ لە کەلار نیشتەجێیە.

(٨٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ شێخ محەمەد شاکەلی(محەمەد ئەحمەد سەعید)لە رۆژی١٤/ 1/ ٢٠١٩ لە دایک بووی شاکەل – کفری.

(٨٣) مام جەلال، دیداری تەمەن لە لاوێتیەوە بۆ کۆشکی کۆماری، ئا: سەڵاح رەشید، ب١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٧، ل١٨٢.

(٨٤) رزگار حاجی حەمید، کەلار مێژوویەکی دێرین و جوگرافیایەکی زیندوو ١٩٧٠ – ٢٠١٢، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١٥،-ل٩٣.

(٨٥)محەمەد شاکەلی، قەزای کفری . شارەدێی کەلار...، ل٢٢.

(٨٦)محەمەد شاکەلی، گەرمیان رابردووی ...، ل٩٢.

(٨٧) بنەبەراز گوندێکە ئەو سەردەمە کەوتبووە سنوری قەزای کفریەوە، دانیشتوانەکەی لە تیرەی باشکین لە عەشیرەتی جافن.

(٨٨)لەو کاتەدا بە بارەگا دەووترا(بنکە).

(٨٩) چاوپێکەوتن لەگەڵ شێخ محەمەد شاکەلی(محەمەد ئەحمەد سەعید)لە رۆژی١٤ی١ی٢٠١٩.

(٩٠)محەمەد شاکەلی، گەرمیان رابردووی ...، ل٧٢. عومەر شەریف کەریم، س . پ، ل١١٨.

(٩١) چاوپێکەوتن لەگەڵ سەڵاح حاجی محێدین لە رۆژی١١/ 1/ ٢٠١٩ لە دایک بووی ساڵی١٩٤٠ کفری ئێستا لە هەولێر نیشتەجێە.

(٩٢)عومەر شەریف کەریم، س .پ، ل ١٤٠.

(٩٣)هەمان س. پ، ل١١٩.

(٩٤) محەمەد شاکەلی، گەرمیان رابردووی ...، ل ٧٦-٧٧.

(٩٥)هەمان س .پ.، ل٧٧.

(٩٦)عومەر شەریف کەریم، س. پ، ل ٣٣٥.

(٩٧)چاوپێکەوتن لەگەڵ هیجران مەجید محەمەد ئەحمەد(ئەحل) لە رۆژی ٨/ ٣/ ٢٠١٩ لەدایک بووی ١٩٤٩کفری.

(٩٨)محەمەد شاکەلی، قەزای کفری . شارەدێی کەلار...، ل٧٨.

(٩٩) چاوپێکەوتن لەگەڵ چالاک نوری ئیبراهیم لە رۆژی ١٣/ 1/ ٢٠١٩ لەدایک بووی ١٩٤٢کفری. هەروەها چاوپێکەوتن لەگەڵ هیجران مەجید محەمەد ئەحمەد(ئەحل) لە رۆژی ٨/ ٣/ ٢٠١٩ لەدایک بووی ١٩٤٩کفری.

(١٠٠)سوهیل خورشید عزیز، مێژووی ناوچەی گەرمیان چینە ...، ل١٩٦-١٩٧.

(١٠١) هەمان س. پ، ل١٩٥.

(١٠٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ سەڵاح حاجی محێدین لە رۆژی١١/ 1/ ٢٠١٩ لە دایک بووی ساڵی١٩٤٠ کفری ئێستا لە هەولێر نیشتەجێە.

(١٠٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ چالاک نوری ئیبراهیم لە رۆژی ١٣/ 1/ ٢٠١٩ لەدایک بووی١٩٤٢ کفری.

(١٠٤) مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد (١٩٥٨ -١٩٦١)، و: سەعید ناکام، چاپخانەی خەبات، دهۆک، ١٩٩٨، ل٣٢٣-٣٢٤. بۆزیاترزانیاری بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (٤).

(١٠٥)محەمەد شاکەلی، قەزای کفری . شارەدێی کەلار لە پەنجاکاندا و پاسەکەی حاجی حەسەن(١٩٦١ – ١٩٧٥)، چاپخانەی کارۆ، کەرکوک، ٢٠١٢، ل٢١.

(١٠٦)محەمەد شاکەلی، گەرمیان رابردووی ...، ل٢٧.

(١٠٧) سهیل خورشید عزیز، پرۆسەکانی پاکتاوی رەگەزی لە ناوچەی کفری، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٢٨ .

**سەرچاوەکان بە زمانی کوردی**

**آ-کتێب**


ئەحمەد محەمەد ناسر باوەڕ:

١- دۆزی کورد لە پەیوەندیەکانی عێراق- ئێران(١٩٣٧-١٩٤٧)، سەنتەری توێژینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠١٠،

جەلال تاڵەبانی:

٢-کوردستان وبزوتنەوەی نەتەوەیی کورد، و: ح – ا، سلێمانی، ٢٠١١.

٣-دیداری تەمەن لە لاوێتیەوە بۆ کۆشکی کۆماری، ئا: سەڵاح رەشید، ب١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٧.

رزگار حاجی حەمید:

٤-کەلار مێژوویەکی دێرین و جوگرافیایەکی زیندوو ١٩٧٠ – ٢٠١٢، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١٥.

رەفیق رەحمان مام خول:

٥-مستەفا بارزانی ژیان و رۆڵ و هەڵوێستی لە پێشهاتە سیاسیەکاندا، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٢.

حسێن ئیسماعیل خان دەلۆ:

٦-ناوچەی کفری لە نێوان ساڵانی (١٩١٤ – ١٩٤٥)، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٤.

سمکۆ بەهرۆز(ئەژی):

٧-مێژووی ئەو کۆمەڵە ورێکخراو و حیزبانەی لە ناوچەی کەرکوک دا سەریان هەڵداوە،چاپخانەی بینای، کەرکوک، ٢٠٠٦.

سوهیل خورشید عزیز:

٨- پرۆسەکانی پاکتاوی رەگەزی لە ناوچەی کفری، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠٠٣.
٩-مێژووی ناوچەی گەرمیان چینە کۆمەڵایەتی و رێکخراوە سیاسییەکانی نێوان ساڵانی (١٨٧٠ – ١٩٧٠)، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١٥.
١٠-مێژووی ناوچەی کفری لە کۆنەوە تا ساڵی ١٩٥٨، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١٣.
صلاح الدین عبدالحمید عبدالله:
١١-شاری کفری لە تەرازووی ڕەسەنایەتی و شارستانییەتیدا، چاپخانەی رەهەند، سلێمانی،٢٠٠٩ .
عومەر شەریف کەریم:
١٢-شەڕی قاتەکانی کفری، چاپخانەی کوردستان، سلێمانی، ٢٠١٠.
عمر حاجی عەلی زەنگەنە:
١٣-لەبیرم دێ ژانەکانی کورد و شۆڕشی ئەیلووی ١٩٦١، چاپخانەی ئارابخا، کەرکوک، ٢٠٠٨.
فوئاد حەمە خورشید:
١٤-کەرکوک لە بەڵگەنامەکاندا، وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٥.
کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف:
١٥-تاریخی جاف، توێژینەوەی د. حەسەن جاف، دار الکتب و الوثائق ، بەغدا، ١٩٩٥.
د. کەمال مەزهەر ئەحمەد:
١٦-چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد، بەرگی دووەم، ئامادەکردنی ؛ عەبدوڵلا زەنگەنە، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١.
گۆران ئیبراهیم ساڵح:
١٧-کەرکوک لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمنیدا ، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٧.
محەمەد سەعید سۆفی:
١٨-پارێزگای کەرکوک لە ناو پاکتاوکردنی رەگەزییدا، چاپخانەی بەرهەم، سلێمانی، ٢٠٠٣.
محەمەد شاکەلی:
١٩-گەرمیان رابردووی نزیک و ئاییندە، چاپخانەی کارۆ، کەرکوک، ٢٠٠٣.
٢٠-قەزای کفری . شارەدێی کەلار لە پەنجاکاندا و پاسەکەی حاجی حەسەن(١٩٦١ – ١٩٧٥)، چاپخانەی کارۆ، کەرکوک، ٢٠١٢.
محەمەد ظاظا:
٢١-عێراق توێژینەوەیەک لە مێژووی سیاسیەکەی پارت و رێکخستنەکان لە ١٩٠٨ – ٢٠٠٥، و: ئامانج نیعمەت، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١١.
محەمەد فاتح:
٢٢-حزب و رێکخراوە سیاسیە عێراقیەکان، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی ٢٠٠٢.
محەمەد مەلا قادر:
٢٣-خەباتنامە، چاپخانەی خەبات، دهۆک.
مستەفا نەریمان:
٢٤-شۆڕشی ئیبراهیم خانی دەلۆ ١٩٢٠، دار الحریة للطباعة ،بغداد، 1985.
٢٥-بیرەوەرییەکانی ژیانم، دار الحریة للطباعة، بغداد، ١٩٩٤.
٢٦-یانەی سەرکەوتنی کوردان(١٩٣٠ – ١٩٦٢)، ئا: ئازاد هیدایەت دەلۆ، چاپخانەی ئارابخا، کەرکوک، ٢٠٠٦.
٢٧-ئەدیب و نووسەرانی کفری و دەوروپشتی، دار الثقافه و النشر الکردیه، بغداد، ٢٠٠٨.
مەسعود بارزانی:

٢٨-بارزانی وبزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد (١٩٥٨ -١٩٦١)، و: سەعید ناکام، چاپخانەی خەبات، دهۆک، ١٩٩٨.
مەهدی محەمەد قادر:
٢٩-پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق ١٩٤٥ – ١٩٥٨، سەنتەری توێژینەوەی ستراتیجی ی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٥.

موکەڕەم تاڵەبانی:
٣٠-کەی هۆهۆ دەگرێتەوە زەرداو؟، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر،٢٠٠٦.
٣١-پارتی دیموکراتی کوردستان (مەکتەبی سیاسی – مەکتەبی ناوەندی دیراسات و توێژینەوە)، هەڵوێستی حیزبە سیاسیەکانی عێراق لەمەڕ کێشەی کورد ١٩٤٦ -١٩٧٠ .

**ب-رۆژنامەکان:**
٣٢-برایەتی (رۆژنامە)، ژ(١٦١٠)، ٣ی٤ی١٩٩٣.
٣٣-ساڵەح حەیدەری، رزگاری چۆن چاپ کرا، پاشکۆی عێراق(رۆژنامە)،ژ(١٤)، ٢١ی نیسانی ١٩٧٨.
ج-گۆڤارەکان:
٣٤-ئەحمەد باوەڕ، کورتەیەک سەبارەت بەگەشەکردن و سەرهەڵدانی رۆژنامەوانی کوردی لە گەرمیان ١٩٤٠ -١٩٧٠، کەرکوک(گۆڤار)، ژمارە(٥)، ساڵی دووەم، هاوینی ٢٠٠٠.
٣٥-مستەفا نەریمان، هەڵگری ئاڵای تێکۆشانی سیاسی حەمە بەگی جاف(١٩٠٤-١٩٣٤)، رەنگین (گۆڤار)، ژ(٦٢) ساڵی١٩٩٤.
**د-ماڵپەڕی ئەلکترۆنی**
٣٦-**سالار مەحمود**، حزبی هیوا، دەروازەی ئینشیقاق لە حزبی کوردیدا، 810http://www.diplomaticmagazine.net/politics/

**سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی**
**آ-کتێبی بەڵگەنامەکان**
٣٧-عبدالفتاح محمد علي يحيى البوتاني، وثائق عن حركة التحررية الكوردية، اربيل، ٢٠٠١.
٣٨- المملكة العراقية، وزارة الشؤون الأجتماعية، مديرية النفوس العامة، احصاء السكان لسنة 1947، ج2، لواء الموصل – لواء كركوك -لواء السليمانية – لواء اربيل، بغداد، 1954.
٣٩- الوقائع العراقية، ع: 283، 2 كانون الثاني 1960.
عبدالرزاق الحسني :
٤٠-تاريخ الوزارات العراقية ، ج ١٠ ،ج٤، مطبعة دارالكتب، ١٩٧٨ .
٤١-تاريخ الوزارات العراقية ، ج ١٠ ،ج ٥، مطبعة دار الكتب، ١٩٧٨ .
**ب-کتێب**
جەمال بابان:
٤٢- اعلام كرد العراق، السليمانيه، ٢٠٠٦.
جمال خزنەدار:
٤٣- المرشد الصحافه الكردية، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٣
سهيل خورشيد عزيز:
٤٤-صفحات من تاريخ منطقة كفري ، مركز (تةما )للطباعة والنشر ، السليمانية ، 2002.
د. عبدالستار طاهر شريف:

٤٥-الجمعيات والمنظمات والأحزاب الكردية في نصف قرن 1908-1958، من منشورات سردم للطباعة والنشر، ط2، سليمانية، 2007.

شيخ عطا طالباني:

٤٦-ذكريات ايام النضال في كوردستان، مطبعة تارا، سليمانية، ٢٠١٠.

محمد علي الصويركى:

٤٧-معجم اعلام الكرد في التاريخ الاسلامي و العصر الحديث في كوردستان و خارجها، مطبعة حمدي للطباعة و النشر، سليمانية، ٢٠٠٦.

هادي حسن عليوي:

٤٨-الأحزاب السياسية في العراق السرية والعلنية، رياض الريس للكتب و النشر، بيروت، لبنان، 2001

هلبين محمد امين مزورى:

٤٩-حزب هيوا – الأمل- (1939-1946)، مطبعة حاجى هاشم، أربيل، 2008 .

**ج-رۆژنامە**

٥٠-خەبات/النضال، ع: 167، 10شباط1960

**د-گۆڤار**

د. نبيل عگيد محمود المظفري:

٥١-محمود بابان حياته و دوره السياسى(١٩٢٠-١٩٩٧) ، مجلة جامعة كركوك، ع(٢)،المجلد (٤)، السنة الرابعة ٢٠٠٩.

**چاوپێکەوتنەکان**

٥٢-ئەحمەد فارس عەلی خان، لە رۆژی ١٣ / 1/ ٢٠١٩، لە دایک بووی ١٩٤٦ لە کەلارنیشتەجێیە.

٥٣-جەلال حوسێن ئەحمەد، لە رۆژی٢١/ 1/ ٢٠١٩ لە دایک بووی ساڵی١٩٣٨ کفری ئێستا لە هەولێرنیشتەجێە.

٥٤-چالاک نوری ئیبراهیم لە رۆژی ١٣/ 1/ ٢٠١٩ لەدایک بووی١٩٤٢ کفری.

٥٥-سەلاح حاجی محێدین لە رۆژی١١/ 1/ ٢٠١٩ لە دایک بووی ساڵی١٩٤٠ کفری ئێستا لە هەولێر نیشتەجێە.

٥٦-عەلی عەبدوڵلا کاکە ئەحمەد(مامۆستا عەلی پەرلەمان) لە رۆژی ٢٢ / 1/ ٢٠١٩ لە دایک بووی ١٩٥٠ کفری، لە دەربەندیخان نیشتەجێیە.

٥٧-کامیل سابیرلە رۆژی٤/ ٢/ ٢٠١٩ لە دایک بووی ساڵی١٩٤٢ کفری ئێستا لەسلێمانی نیشتەجێە.


٥٨--شێخ محەمەد شاکەلی(محەمەد ئەحمەد سەعید)لە رۆژی١٤/ 2019/1 لە دایک بووی١٩٤٤ شاکەل – کفری

٥٩- هیجران مەجید محەمەد ئەحمەد(ئەحل) لە رۆژی ٨/ ٣/ ٢٠١٩ لەدایک بووی ١٩٤٩کفری.

٦٠- چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیسماعیل عەزیز خان دەلۆ لە رۆژی ٢٦ /١ / ٢٠١٦ لە دایک بووی ١٩٣٧کفری ، لە ٢٥ /١ / ٢٠١٦ کۆچی دوایی کردووە.

## پاشکۆکان

پاشکۆی ژماره(١)



الحكومة العراقية

متصرفية لواء كركوك

التحريرات

العدد

التاريخ [illegible]/١٠/١٩٦٦

الموضوع جمعية كردية

وزارة الداخلية

نقدم طيا صورة من كتاب قائمقام قضاء كفري المرقم [illegible] والمؤرخ في ٢٣/٩/١٩٦٦ مع صورة مرفقة كتاب مدير شرطة القضاء المرقم س/١٩٣٤ والمؤرخ في ٢٤/٩/١٩٦٦ ويلاحظ بما ورد فيهما ان في القضاء المذكور جمعية كردية سرية باسم (وزكاري) على غرار الجمعيات الكردية الاخرى في الالوية الشمالية ولها اتصال بجمعية (كوملي) وانها تأسست لمقاصد عدائية وقد يمكن ان [illegible] النشرات الضارة والدعاية الى [illegible] الراحة العامة وارباك الأمن والطمأنينة · وللزيادة الاطلاع نقدم في طيه [illegible] ايضا عدة نسخ من النشرات المزورة مع اصل نظام جمعية (كوملي) باللغة الكردية ونسخة من ترجمته [illegible] المذكور للاطلاع ·

مع العرض ان الاشخاص المذكورين في كتاب [illegible] الشرطة هم تحت الرقابة السرية ونعلم وزارتكم بكل ما يصدر منهم من حركة او عمل مخل بالأمن وسلامة الدولة ·

متصرف لواء كركوك

صورة منه الى — قائمقام قضاء كفري ·

نرجو فرض رقابة سرية شديدة على الاشخاص المذكورين واعلامنا بكل ما يتصل بكم من معلومات واخبار من اعمالهم وحركاتهم في هذا المضمار ·

— مديرية شرطة اللواء · اشارة الى كتاب [illegible] الشرطة المذكور اعلاه ·

سەرچاوە: د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد، ب٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١.

پاشکۆی ژمارە(٢)

ناوی وەفدەی کە چوون بۆ سەردانی بارزانی نەمر بۆ بەغدا :

١-حاجی محەمەد عەبدولرەحمان کارێزی ٢- حاجی محەمەد ئەمین زرگوێزی ٣-حاجی کەریم چایچی

٤-حەمە خان-باوکی ئەحمەد نەجار ٥-عەلی محەمەد عەزیز (عەلی دێوانە) ٦ شێخ ئەبوبەکر شێخ محێدین


٧حاجی فارس داردرێژ\بەکر بایەفی ٨مەلا سابیر حاجی عەبدوڵڵا (سەڵتە زەرد) ٩ شێخ عومەر شێخ محێدین

١٠حاجی فەقێ محەمەد سەعاتچی ١١ئەحمەد حاجی سەمی ١٢ محەمەد عەلی عەبدولکەریم (فەقێ عەلی) ١٣حاجی عەبدوڵڵا زەردەلیاوی ١٤ حاجی ئەمین رەواتی ١٥ حاجی کەریم فەرحان لە وەلی هەیەر ١٦حاجی فارس قاڵقاڵی ١٧شێخ ئەحمەد شاکەلی ١٨ مەلا عەزیز میل قاسم ١٩ئەحمەد محەمەد چراخ پینەچی ٢٠ رۆستەم ئاغای خان ٢١`کوێخا نامیق ناساڵح ئەمین

٢٢عەزیز خان ئیبراهیم خان ٢٣حەمە رەشید وەستا زۆراب ٢٤شەرەف خان ئیبراهیم خان ٢٥حاجی رۆستەم محەمەد سەعی ٢٦حاجی محێدین حاجی مستەفا ٢٧حەمەی عەلی ئاغای زەنگەنە ٢٨حوسێن مەحمود خەلیل ٢٩محەمەد مەحمود ئەحمەد سور ٣٠عەبدولرەحمانی وەستا کەریم ٣١ئەحمەد بەگ جەمیل بەگ ٣٢ سەید تۆفیق سەید محەمەد ٣٣کوێخا قاسم حەسەن جۆلا ٣٤سەمین سەعید مارف سوور ٣٥هیدایەت عەلی نادر ٣٦سامی بەگ عەلی وەیسی بەگ ٣٧مەلا عەزیز عەبدولرەحمان دوانزە ئیمامی ٣٨حاجی رەئوف محەمەد سەلیم ٣٩قادر مەعروف ئەحمەد سوور ٤٠حاجی محێدین موختار ٤١نامیق برزۆ نەسرۆلا(باوکی عەریف عەبود) ٤٢ئەحمەد ئەلیاس ٤٣ئەحمەد شێخ وەیس ٤٤حاجی سابیر ئۆمەربل ٤٥ عەزیز کاکە حەمە ٤٦عەبدوڵڵا مەلا ئیبراهیم ٤٧ عەلی فەقێ محەمەد کارێزی ٤٨کوێخا فەریق مەدحەد ٤٩حەمەی رۆستەم ئۆمەربل ٥٠حاجی محەمەد سلێمان بەلەگە ٥١شێخ ئیسماعیل بنەکە ٥٢سابیر فەقێ مستەفایی ٥٣مامۆستا دەروێش ئەفەندی ٥٤خالید محەمەد سەعید موفتی ٥٥عەبدوڵڵا عەبدلقادر (مەلا عەول) ٥٦ئەحمەد عەلی نادر ٥٧شێخ عەتا تاڵەبانی ٥٨عەبدولکەریم دەروێش ٥٩سەید محێدین ٦٠مجید محەمەد ئەحمەد(مەجە ئەحل)

سەرچاوە: عومەر شەریف کەریم، شەڕی قاتەکانی کفری، چاپخانەی کوردستان، سلێمانی، ٢٠١٠.

پاشکۆی ژمارە(٣)




الملحق(1)

امتياز جريدة [illegible]/النضال

القيادة العامة للقوات المسلحة
وزارة الداخلية
الحاكم العسكري العام
مديرية الشرطة العامة
مديرية الأمن العامة
مديرية البريد والبرق العامة
مديرية الاستخبارات العسكرية
المدعي العام
متصرفية لواء بغداد
مديرية شرطة بغداد
مديرية أمن منطقة بغداد

سەرچاوە: سوهیل خورشید عزیز، مێژووی ناوچەی گەرمیان چینە کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوە سیاسییەکانی نێوان ساڵانی (١٨٧٠ – ١٩٧٠)، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١٥.

پاشکۆی ژمارە(٤)


تقرير من منطقة خانقين حول المشاكل مع الحزب الشيوعي

مەسعود بارزانی ، بارزانی وبزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد (١٩٥٨ -١٩٦١)، و: سەعید ناکام، چاپخانەی خەبات، دهۆک، ١٩٩٨.